دیمۆکراســـی
بـــۆ ئیـــران

خـــودموختاری
بۆ کــوردســتــان

# کوردستان

ئۆرگانی کومیته‌ی ناوه‌ندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران

١٢ی سه‌رماوه‌زی ١٣٨٠
٣ی دیسامبری ٢٠٠١

ژماره: ٣٣٠
١٠٠ تمه‌ن


## له‌باره‌ی ره‌تکرانه‌وه‌ی گه‌ڵاڵه‌کانی مه‌جلیسی شوورای ئیسلامییه‌وه

م. مه‌عرووفی

به نزیك بوونه‌وه له هه‌ڵبژاردنه‌کانی میانده‌وره‌یی مه‌جلیسی شوورای ئیسلامی له ئوستانی گوڵستان و ره‌تکرانه‌وه‌ی سه‌ڵاحییه‌تی کاندیداکانی سه‌ر به قۆڵی ریفۆرمخواز له لایه‌ن شوورای نیگابانه‌وه، کێشه‌یه‌کی نوێ له نێوان مه‌جلیس و شوورای نیگابان دا ده‌ستی پێکرد. ئه‌و کێشه‌یه جارێکی دیکه به‌شێك له ئۆرگان و دامووده‌زگاکانی رێژیمی له به‌رامبه‌ر مه‌جلیس دا راست کرده‌وه. کێشه‌که به په‌سند کرانی دوو گه‌ڵاڵه‌ی دووفه‌ورییه‌تی و سێ فه‌ورییه‌تی له رۆژی ٢٩ی خه‌زه‌ڵوه‌ردا له لایه‌ن مه‌جلیسه‌وه‌و ره‌تکرانه‌وه‌ی هه‌ردووك گه‌ڵاڵه‌که له لایه‌ن شوورای نیگابانه‌وه ده‌ستی پێکرد.

سه‌رچاوه‌ی کێشه‌که ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ بانه‌مه‌ڕی ئه‌م ساڵ، کاتێك که فڕۆکه‌یه‌کی هه‌ڵگری وه‌زیری رێگاوبان و حه‌وت که‌س له نوێنه‌رانی ئوستانی گوڵستان که سه‌ر به قۆڵی ریفۆرمخواز بوون، به شێوه‌یه‌کی گومانــاوی که‌وته خواره‌وه‌و هه‌موو سه‌رنشینه‌کانی کوژران. بۆ پڕ کردنه‌وه‌ی جێگه‌ی به‌تاڵی ئه‌و حه‌وت نوێنه‌ره له مه‌جلیس دا بڕیار درا

٢

## ئاکامه‌کانی کۆنفرانسی بۆن و داهاتووی ئه‌فغانستان

زانیار

به‌دوای پاشه‌کشه‌ی گرووپی تالیبان‌و به‌رته‌سکبوونه‌وه‌ی سنووری خۆر اگریی ئه‌و گرووپه له شاری قه‌ندهار، پیویستیی پیکهینانی خیرای ده‌وله‌تی کاتی له ئه‌فغانستان، به‌مه‌به‌ستی به‌ره‌وپیشچوونی هه‌وله سیاسییه‌کان شانبه‌شانی شه‌ر ی نیزامی‌و هه‌روه‌ها بۆ پر کردنه‌وه‌ی بۆشایی ده‌زگای به‌ر یوه‌به‌ری له‌م وڵاته‌دا هه‌ستی پێ کرا. له‌م پیوه‌ندییه‌دا هیزه ئه‌فغانییه‌کان، پیشنیاری ریکخراوی نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کانیان بۆ پیکهینانی کونفرانسیك له‌شاری بۆنی ئالمان دا به‌مه‌به‌ستی باس‌و وتوویژو هه‌روه‌ها ریککه‌وتن له سه‌ر پیکهینانی ده‌وله‌تیکی کاتی قبووڵ کرد.

٣

## کۆبوونه‌وه‌ی شوورای ئه‌نتێرناسیۆناڵی سوسیالیست له پێته‌ختی کۆماری دۆمینیکێن

٤

## به‌سیجی موسته‌زعه‌فین یا له‌شکری دژی گه‌لی؟!

هیمن . س

**فاشیسم هه‌وڵدانه بۆ خه‌ڵکی‌و گه‌لی کردنی کۆنه‌په‌رستی! برایه‌تی له روانگه‌ی فاشیزمه‌وه، بریتیه له خۆبه‌ده‌سته‌وه‌دان. له فاشیسم دا خوێن‌و مه‌رگ به شێوه‌یه‌کی هه‌وه‌سبازانه، سه‌رنج راکێشن!**

*برنیگتون مور ـ ریشه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانی دیکتاتۆری‌و ئازادی*

**ئه‌گه‌ر خه‌ڵك‌و لاوانی حیزبوڵڵایی رووبه‌رووی یه‌کێك له‌و نموونانه بوونه‌وه [ ئه‌وه‌ی که ناته‌بایی له‌گه‌ڵ ئابرووی کۆماری ئیسلامی هه‌یه] پێوه‌ندی به دامووده‌زگا پێوه‌ندیداره‌کانه‌وه بگرن، ئه‌گه‌ر ئه‌وان که‌مته‌رخه‌میان کرد، بۆخۆیان ده‌بێ پێشی بگرن.**

***وه‌سیه‌تنامه‌ی خومه‌ینی "صحیفه‌ء نور" به‌رگی ٢١ ل ١٩٥***

رۆژی ٥ی سه‌رماوه‌زی ٢٢ ساڵ له‌مه‌وپێش فه‌رمانی پێکهاتنی "بسیج مستضعفین" له لایه‌ن خومه‌ینییه‌وه درا. به‌سیجێك که ئه‌رکی سه‌ره‌کیی ئه‌و

٧

## راپۆرتێك له تارانه‌وه

### به‌رێوه‌چوونی رێوره‌سمی سێهه‌مین ساڵرۆژی شه‌هید بوونی فرووهه‌ره‌کان

سه‌عات ١و٤٠ پاش نیوه‌ڕۆی رۆژی ٥ شه‌ممه ئه‌وه‌ڵی سه‌رماوه‌ز به بۆنه‌ی سێیه‌مین ساڵرۆژی شه‌هید بوونی تێکۆشه‌رانی ناودار داریووش‌و په‌روانه‌ی فرووهه‌ر له رێبه‌رانی حیزبی میلله‌تی ئێران رێوره‌سمێك له مزگه‌وتی "فخرالدوله" یه‌کێك له به‌ناوبانگترین مزگه‌وته‌کانی شاری تاران به‌رێوه‌چوو. وادانرابوو یه‌که‌مین که‌س که له‌و رێوره‌سمه‌دا قسه بۆ خه‌ڵك ده‌کا دوکتۆر "نظام الدین قهاری" بێ. به‌ڵام "نیروی انتظامی" که پێشتر به‌و به‌رنامه‌یه‌ی زانیبوو رۆژی چوارشه‌ممه ناوبراوی گرتبووو که‌سیش نه‌ی ده‌زانی بردوویانه‌ته کوێ.

دوایه وادانرابوو که ئاغای "شاه حسینی" یه‌که‌مین وتار پێشکێش بکا. ئه‌ویش له رێگای هاتنی بۆ شوێنی بیره‌وه‌رییه‌که به موتۆر لێی درابووو نه‌ی توانیبوو خۆی بگه‌یه‌نێته مزگه‌وتی "فخرالدوله".

٩


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شویندانانی ئالوگۆره نیوخۆیی‌و ده‌ره‌کییه‌کان له‌سه‌ر بزووتنه‌وه‌ی فه‌رهه‌نگی له کوردستانی ئیران دا | گۆرانیك له سیاسه‌تی ئه‌مریکا سه‌باره‌ت به کیشه‌ی ئیسرائیل و فه‌له‌ستین | "به‌ڵێ دنیایه‌کی باشتر ئیمکانی هه‌یه" | هه‌واڵه‌کانی کوردستان مه‌ریوان، سنه، سه‌قز، مه‌هاباد | تیکۆشان له ده‌ره‌وه‌ی وڵات | مه‌حکووم کرانی دووباره‌ی کۆماری ئیسلامی له‌سه‌ر پیشیل کردنی مافی مرۆڤ |
| ٥ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٥ |


## بڕووخێ رێژیمی کۆنه‌په‌رستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## لەبارەی ڕەتکرانەوەی گەڵاڵەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی‌یەوە

درێژەی لاپەڕەی ١

ڕۆژی ۹ی سەرماوەزی ئەم ساڵ هەڵبژاردنی میاندەورەیی لەو ئوستانەدا بەڕێوە بچێ. دەیان کەس لە لایەنگرانی قۆڵی ریفۆرمخواز بۆ کاندیدا بوون لەو هەڵبژاردنەدا ناونووسییان کرد بەڵام لە لایەن شوورای نیگابانی سەر بە قۆڵی موحافیزەکارو چاوەدێر بەسەر بەرنامەو پەسندکراوەکانی مەجلیس دا سەلاحییەتەکانیان ڕەت کرایەوە کە لەگەڵ گلەیی و گازندەی نوێنەرانی ریفۆرمخوازی مەجلیس بەرەوڕوو بوو. بۆیە مەجلیس بە پەلەو هەڵەداوان دوو گەڵاڵەی دوو فەورییەتی و سێ فەورییەتیی لەم پێوەندییەدا پەسند کردن و ناردنیە شوورای نیگابان تا پاش بەراورد کردن لەگەڵ قانوونی ئەساسی و شەرعی ئیسلام دا، پەسندیان بکا.

گەڵاڵەی سێ فەورییەتی کە تا ئەم کاتە لە لایەن مەجلیسەوە نەدیترابوو پەسند بکرێ و لە کاتی نائاسایی و بە پەلەدا نەبێ پەسند ناکرێ، بریتی بوو لە زیادکردنی ۳ تێبینی بە ماددەی ۵۲ی قانوونی هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی. بە پێی ئەم گەڵاڵەیە هەرکات لەسەر ڕەتکرانەوەی سەلاحییەتی کاندیداکان کێشە کەوتە نێوان وەزارەتی نێوخۆو شوورای نیگابانەوە، هەیئەتێکی ۲۵ کەسی کە دەبیری شوورای نیگابان، سەرۆکی مەجلیسی شوورای ئیسلامی و وەزیری نێوخۆ تێی دا بەشدار بن، بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی "مجمع تشخیص مصلحت نظام" دوایین بڕیاری لەسەر بدا. بە پێی گەڵاڵە دوو فەورییەتییەکەش، هەرکات کاندیداکان بەبێ بەڵگەو بەبێ هۆ لە لایەن هەیئەتەکانی چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردن دا سەلاحییەتیان ڕەت کرایەوە، وەزارەتی نێوخۆ ناچار نیە قبووڵی بکا.

هەر ئەو ڕۆژە هەردووک گەڵاڵەکە لە لایەن شوورای نیگابانەوە ڕەت کرانەوەو نێردرانەوە مەجلیس. مەجلیس ڕۆژی دوایی گەڵاڵەکانی بە هێندێک دەسکارییەوە ناردنەوە شوورای نیگابان و هەڕەشەیان کرد کە ئەگەر ئەو گەڵاڵانە پەسند نەکرێن هەڵبژاردنی میاندەورەیی تەحریم دەکەن و ریفراندۆم لەو بارەیەوە پێشنیار دەکەن. بەڵام شوورای نیگابان ئەو ڕۆژە جوابی نەدانەوەو ڕۆژی دواتر دیسان جوابی ڕەتی بە مەجلیس دایەوە.

مەجلیس بەوەندە وازی نەهێناو چارەسەری نیهایی بە "مجمع تشخیص مصلحت نظام" سپارد.

چارەنووسی گەڵاڵەی پەسندکراوی مەجلیس کاتێك لە لایەن شوورای نیگابانی سەر بە قۆڵی موحافیزەکار ڕەت کرابێتەوەو سەرەنجام بکەوێتە بەردەستی "مجمع تشخیص مصلحت نظام" کە ئەویش سەر بەو قۆڵەو لەوەش گرنگتر لە ژێر سەرۆکایەتیی هاشمیی ڕەفسەنجانی دایە، لە پێش دا ڕوون بوو. هاشمیی ڕەفسەنجانی کە لە کاتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەم مەجلیسەدا لە تاران خۆی کاندیدا کرد بەڵام دەنگێکی ئەوتۆی لە لایەن خەڵکەوە پێ‌نەدرا، کاتێك چارەسەری کێشەی ئەو مەجلیسەو شوورای نیگابانی پێ بسپێردرێ لە پێش دا ئاکامەکەی ڕوونە!

سەرەنجام لە نێو چاوەڕوانیی بیروڕای گشتی و دڵەراوکێی ریفۆرمخوازەکان دا شەوی ٦ لەسەر ۷ی سەرماوەز "مجمع تشخیص مصلحت نظام" بە ئامادەبوونی "کروبی" سەرۆکی مەجلیس، "موسوی لاری" وەزیری نێوخۆو نوێنەرانی شوورای نیگابان بە سەرۆکایەتیی هاشمیی ڕەفسەنجانی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پێك هێنا. لە ئاکام دا "مجمع تشخیص مصلحت نظام"، "مصلحت نظام"ی لەوە دا دی کە جوابی مەجلیس نەداتەوەو هەڵوێستی شوورای نیگابان تەئیید بکاو ڕابگەیەنێ کە: ئەو مەسەلەیە دووساڵ لەوەپێش بڕیاری لەسەر دراوەو پێویست ناکا پەسندکراوی نوێی لە بارەیەوە دەربچێ. هەربۆیە ڕۆژی دیاریکراو (ڕۆژی هەینی ۹ی سەرماوەز) هەڵبژاردن لە ئوستانی گوڵستان دا بەڕێوە دەچێ. بەم جۆرە موحافیزەکارەکانی چاوەدێر بەسەر مەجلیس دا ئاوێکی ساردیان بە دەستی زۆرایەتیی ریفۆرمخواز لە مەجلیس و ئەو کەسانە دا کرد کە دڵیان بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەو ڕێژیمەدا خۆشە.

مەسەلەی چاوەدێری بەسەر بڕیارو پەسندکراوەکانی مەجلیس دا بە هۆی چەند ئۆرگانی داسەپاوی ڕێژیمەوەو ڕەتکردنەوەی سەلاحییەتی کاندیداکان شتێکی تازە نیە. لەوەتەی ئەو ڕێژیمە دەسەڵاتی لە پاوانی خۆی گرتوە بە دەگمەن سەلاحییەتی ئەفرادی ئازادیخواز، سەربەخۆو گەلی کە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵك بن بۆ کاندیداتۆری تەئیید کردوەو ڕێگای نەداوە پێ بنێنە مەجلیس. مێژووی ئەو ڕێژیمە لەم پێوەندییەدا زۆر بیرەوەریی تاڵی بۆ خەڵکی ئازادیخوازی ئێران تێدایە. جاری وابووە ڕێژیم ـ بەتایبەتی لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی‌دا ـ کە بەو شێوەیەی ئێستا توانای پێشگیری لە کاندیداتۆریی ئەفرادی گەلی و ئازادیخوازی نەبوو، کەسانی وا هەبوون کە بە دەنگێکی یەکجار زۆر لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون، نەی‌هێشتوە پێ بنێنە مەجلیس. سەرکەوتنی کاندیداکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ۱۳۵۸دا تووشی ئەو چارەنووسە بوو. ئەفرادی واش زۆر بوون کە لە پاڵاوتنەی شوورای نیگابان ڕەت بوون و پاش ئەوەی لە لایەن خەڵکەوە دەنگی متمانەیان پێ‌دراوە، سەلاحییەتی چوونە مەجلیسیان تێدا بەدی نەکراوەو پێشگیری لە چوونیان بۆ مەجلیس کراوە. کەوابوو ئەو مەجلیسە لە قۆناغی کاندیدابوونی نوێنەرانیەوە تا دەرکردنی قانوون و بڕیار لە ژێر کۆنترۆڵی توندی ڕێژیم دایەو مەودایەك بۆ وەدیهاتنی ویست و داخوازەکانی خەڵکی وڵات نەماوەتەوە.

بە گوێرەی قانوونی کۆماری ئیسلامی کەسێك بیەوێ ببێتە نوێنەری مەجلیس، دەبێ بڕوای بە قانوونی ئەساسی و ئەسڵی "ولایت فقیە" هەبێ. شوورای نیگابان لە غەیری ئەوەدا دەتوانێ سەلاحییەتی کاندیداکان ڕەت بکاتەوە. ریفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات شتێکی زۆر سادەو سەرەتاییان دەوێ. دەیانەوێ کەسانێك کە باوەڕیان بە قانوونی ئەساسی هەیەو تەنانەت "ولایت فقیە"شیان قبووڵە، بەڵام هەر لە چوارچێوەی ئەو قانوونەدا، خوازیاری هێندێك ئاڵوگۆڕن، سەلاحییەتیان ڕەت نەکرێتەوە. ئەوە لە حاڵێك دایە کە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی وڵاتەکەمان بە گشتی‌و بەتایبەتی، ڕووناکبیران، نووسەران، خوێندکارانی ئازادیخوازو تەنانەت بەشێك لە ڕووحانی و زانا ئایینییەکانی شیعە باوەڕیان بە ئەسڵی "ولایت فقیە" نیەو ڕەتی دەکەنەوە. بەو حاڵەش موحافیزەکارانی پاوانخواز ئامادە نین هەنگاوێك لە بەرامبەر قۆڵی ڕقەبەریان دا پاشەکشە بکەن.

قۆڵی موحافیزەکار، لە ڕەتکردنەوەی ئەو گەڵاڵانەدا چەند مەبەستی هەبوو. یەکەم؛ ڕێگا بۆ ڕەتکردنەوەی کاندیداکانی قۆڵی بەرامبەری لە هەڵبژاردنەکانی دیکە دا بەتایبەتی مەجلیسی حەوتەم دا خۆش بکاو نەیەڵێ چی دیکە ئەو قۆڵە بە هەڵگرتنی هێندێك دروشمی بریقەدار دەنگ بۆ کاندیداکانی خۆی کۆبکاتەوەو لەوە زیاتر جێگە بەوان لێژ بکا. دووهەم؛ سەلماندنی بێ‌دەسەڵاتی و داماویی قۆڵی ریفۆرمخواز، تا ئەو کەسانەی بە هیوای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەو ڕێژیمەدا پشتیوانی لەو قۆڵە دەکەن، بۆیان دەرکەوێ کە ریفۆرمخوازەکان دەسەڵات و توانای وەدیهێنانی ئەو دروشم و وەعدو بەڵێنانەیان نیە کە بە خەڵکی دەدەن‌و دەسەڵاتی ئەسڵی بەدەست خۆیانە. سێهەم؛ بەو هۆیەوە کە دەسەڵاتدارانی قۆڵی موحافیزەکار لە ئەنجامدانی تیرۆر، بەڕێوەبردنی ئیعدام، سەرکوتی خەڵك و دەیان جینایەتی دیکەدا نەخش و بەشداریی ئاشکرایان هەبووە، لە درێژەی ئەو شەڕو ئاڵوگۆڕە قووڵانەی کە لە ناوچەدا ڕوو دەدەن هەست بە مەترسی دەکەن. هەر بۆیە دەستیان کردوە بە بەرتەسك کردنەوەی هەنگاو و جموجۆڵەکانی ریفۆرمخوازەکان. چوارەم؛←

نیگەرانی لە مەترسییەکانی نێوخۆ کە لە کاتی یارییەکانی فوتباڵ و هاتنە مەیدانی لاوان دا زیاتر خۆی نواند، قۆڵی موحافیزەکاری هان داوە تا پێچ و مۆرەکانی خۆی توند بکاتەوەو ئامادەی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر ڕووداوێکی نێوخۆو دەرەوە بێ. ئەمانەش بە بێ بەرتەسك کردنەوەی هەرچی زیاتری مەیدانی مانۆڕی مەجلیس مومکین نابن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەنگاوەی شوورای نیگابان و "مجمع تشخیص مصلحت نظام"و چەندین هەڵوێستی دیکەی لەم چەشنەی قۆڵی موحافیزەکار، خەڵکی وڵاتەکەمان دەبێ زیاتر لە هەرکات ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوتبێ کە چاوەڕوانیی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و وەدیهاتنی ویست و داخوازەکانیان لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا چاوەڕوانییەکی بێسوودە. دانانی ناوی "خانهء ملت" (ماڵی میللەت) لەسەر مەجلیس و هەڵگرتنی دروشمی "مەجلیس لە سەرووی هەموو کاروبارێکەوەیە" لە لایەن ڕێبەرانی ڕێژیمەوە جگە لە دروشمێکی بێنێوەرۆك و ریاکاریی ئاخوندەکان شتێکی دیکە ناسەلمێنن. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانەی ڕێژیم لەگەڵ مەجلیس، نیشان دەدەن کە دەسەڵاتی قانووندانان (قوهء مقننه) لە کۆماری ئیسلامی دا چەندە لە سەربەخۆیی بێبەشەو "خانهء ملت" لە داڕشتنی قانوون و سیاسەتی وڵات دا چەند بێ نەخشە.

هەڕەشەی ریفۆرمخوازەکانیش لەو بارەوە کە ئەگەر گەڵاڵەکانی مەجلیس ڕەت بکرێنەوە پەنا بۆ ریفراندۆم دەبەن بە سەرنجدان بە هەڵوێست و کردەوەکانی ڕابردوویان زۆر جیددیی نایەتە بەرچاو. دیارە ئەوان ئەگەر لەسەر ریفراندۆمیش پێدابگرن تەنیا بۆ چارەسەری کێشەی "نظارت استصوابی"ی شوورای نیگابان بەسەر هەڵبژاردن دایە. لەحاڵێك دا ئەگەر بەڕاستی بیانەوێ ڕێز لە ئیرادەو دەنگی خەڵك بگیرێو جارێك بۆ هەمیشە خۆتێهەڵقوتاندنی ناوەندە داسەپاوەکان لەکۆڵ خۆیان و خەڵکی ئێران بکەنەوە، دەبێ قسە لە پێویستیی چاوخشاندنەوە بە تێکڕای قانوونی ئەساسیی ڕێژیم دا بکەنو بۆ مەبەستێکی گەورەتر پەنا بۆ ریفراندۆم ببەن. تەنیا هەڵوێستێکی ئازایانەی لەو چەشنەشە کە ڕاست یا ناڕاست بوونی ئیددیعای نوێنەرانی ریفۆرمخوازی مەجلیس لەبارەی بڕوا هەبوون بە ئیرادەو ویست و داواو بەرژەوەندەکانی خەڵك دەردەخا. با بزانین نوێنەرانی ریفۆرمخوازی مەجلیس کە ئێستا شوورای نیگابان و "مجمع تشخیص مصلحت نظام" بە کردەوە کردوویانن بە گەپجاڕی دەستی خۆیان، بەڕاستی لەسەر ریفراندۆم شێلگیر دەبن؟!

# ئاکامەکانی کۆنفرانسی بۆنو داهاتووی ئەفغانستان

درێژەی لاپەڕەی ١

ئەم گرووپو لایەنانە ڕۆژی سێ شەممە ٢٧ی نوامبری ساڵی ٢٠٠١ لە کۆبوونەوەیەك دا کە لە ژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری بۆن بەڕێوە چوو، دەستیان بەباسو وتووێژ کرد.

یەکەم کۆبوونەوەکانی ئەو کونفرانسە لە نێو گەشبینیی تێکەڵ بە تەفاهومی هەموو لایەنە ئەفغانییەکان دا بەڕێوەچوون. بەڵام دواتر کە باس هاتە سەر وردەکارییەکانی چارەنووسی داهاتوی ئەفغانستان جیاوازیی بۆچوونی لایەنەکان پترو قووڵتر بوونەوە. بەڕادەیەك کە لە ڕۆژی پێنجەمی کونفرانسەکەدا، هێندێك لە بەشدارارن تووشی ناهومێدیو دڵساردی بوون، بەڵام هاتنەگۆڕی گەڵاڵەیەکی نوێ لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە گیانێکی نوێی وەبەر کونفرانسەکە نایەوەو لە مۆرکردنی ڕێککەوتنێك نزیکی کردنەوە.

گەڵاڵەی نوێی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان چەند خاڵی سەرەکیی لە خۆ گرتوە کە وادیارە ناکۆکییەکی ئەوتۆ لەسەر ئەو خاڵانە لە نیو هەیئەتە بەشدارەکان دا بەدی ناکرێ. لەم گەڵاڵەیەدا ئاماژە بە پێکهێنانی دەوڵەتی کاتی، دادگای بەرزو ئەنجومەنی سەرۆك عەشیرەتەکانی ئەفغانستان (لویه جرگه) کراوەو گوتراوە دەوڵەتی کاتییش بۆماوەی ٦ مانگ لەسەر کار دەبێ. بەڵام لە هیچ کام لەم نەهادانەدا ڕۆڵێکی دیاریکراو بۆ ئەفرادو کەسایەتییە ناسراوەکانو لەوانە محەممەد زاهیر شاو بورهانەدین ڕەبانی وەبەرچاو نەگیراوە.

سەرەڕای ئەوە کە لایەنە ئەفغانییەکانی بەشدار لە کونفرانسی بۆن دا لەسەر چوارچێوەی گشتیی گەڵاڵەکەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێك هاتوون، بەڵام هێشتا لەبارەی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی وەزارەتخانەکانی نێوخۆ، بەرگریو ئەمنییەت پێك نەهاتوونو هەرکام لەو گرووپانە هەوڵ دەدەن دەست بەسەر ئەو وەزارەتخانانەدا بگرن.

کێشەیەکی دیکە کە ڕەنگە تەنانەت پاش گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی لە کونفرانسی بۆن دا هەر وا بێ چارەسەر بمێنێتەوە، شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ چەکدارەکانی سەر بە هێزە جۆراوجۆرە ئەفغانییەکانە. چونکە ئەم گرووپانە نیگەرانی ئەوەن کە لە ئاکامی چەك کرانی چەکدارەکانیان دا، نەتوانن لە دەسەڵاتی داهاتووی ئەفغانستان دا بەشدارییەکی ئەوتۆیان هەبێ. ئەمەش لە حاڵێك دایە کە مانەوەی چەکدارەکانی سەر بە لایەنە سیاسییەکان بۆخۆی دەبیتە هۆی نائارامیو کۆسپ نانەوە بۆدەوڵەتی کاتی.

مەسەلەیەکی دیکە کە لەلایەن هێندێك لە گرووپو کەسایەتییە ئەفغانییەکانەوەو یەك لەوان بورهانەدین ڕەبانی لەم چەند ڕۆژەی دواییو هاوکات لەگەڵ کونفرانسی بۆن دا هێنراوەتە گۆڕێ، مەسەلەی دەرکەوتنی هێزە بیانییەکان لە ئەفغانستانە. هێنانە گۆڕی بۆچوونێکی لەم چەشنە ئەویش لەم هەلومەرجەی ئێستادا لە دوو لاوە جێگای تێڕامانە. یەکەم ئەوە کە ئەمریکاو ئەو وڵاتانەی کە لە هێرش بۆ سەر تالیبان دا نەخشێکیان هەبووەو ڕایان گەیاندوە کە ئامانجیان لەو هێرشانە گرتنی ئوسامە بن لادنو تەمێ کردنی تاڵیبانە، زەحمەتە تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان ئامادە بن ئەفغانستان بەجێ بێڵن. دووهەم لەو بارەوە کە هێنانەگۆڕی بۆچوونێکی وا لە بارودۆخێك دا کە تالیبان هێشتا بە تەواوی کۆڵی نەداوەو چوونە دەریهێزە بیانییەکان و ڕاوەستانی بۆمبارانەکان و هێرش بۆ سەر دوا حەشارگەو سەنگەرەکانی تالیبان، ئەگەر (احتمال)ی سەرهەڵدانەوەی سەر لە نوێی تالیبان بەهێز دەکات، ئەم پێشنیارە گوماناوی دێتە بەرچاو و هیچ لەوە ناچێ لە هەستێکی نیشتمانپەروەرانەوە سەرچاوەیگرتبێ.

لە گەرمەی ئەم باس و کێشەیەدا، هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبارەی داهاتووی ئەفغانستانەوە هەروا تەمومژاوی، ناڕوون و قەڵسەگێڕانەیە. ئەم ڕێژیمە لە لایەکەوە بە ڕواڵەت پشتیوانی لە هەوڵەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەفغانستان دەکاو لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ دامەزرانی هێزە ئاشتیپارێزە نێونەتەوەییەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڕیارە بۆ پاراستنی ئەمنییەت لە ئەفغانستان جێگیر بن، دژایەتی دەکاو هەوڵ دەدا هێندێك لە گرووپ و کەسایەتییە ئەفغانییەکان بۆ دژایەتیی کردنی ئەو هێزە ئاشتی پارێزانە هان بدا کە کارناسانی سیاسی، هەڵوێستی ئەم دواییانەی بورهانەدین ڕەبانی، بە ئاکامی فشاری ئێران لەسەر ناوبراو دەزانن.

زۆر ڕوونە تەنانەت ئەگەر کۆنفرانسی بۆن ڕێککەوتنی نێوان گرووپە بەشدارەکانیشی لێبکەوێتەوە دیسان لەوانەیە هێندێك لە گرووپ و کەسایەتییە ئەفغانییەکان بە تایبەت هێندێك لە فەرماندە نیزامییەکان سەرپێچیی لێبکەن. هەروەها نابێ دەستێوەردان و کۆسپ نانەوەی هێندێك لە وڵاتانی دراوسێش، بە تایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دوور بزانین.

تەختکردنی تێکڕای ئەو کۆسپانەو چارەسەری یەکجاریی ئەم کێشانە لە ماوەی دەسەڵاتی شەش مانگەی دەوڵەتی کاتی دا هەروا کارێکی ئاسان نیەو دوور دێتە بەرچاو کە ئەنجومەنی پیاوماقووڵان و سەرۆك هۆزەکانی ئەفغان (لویه جرگه)ش، سەرەڕای پێکهاتە فراوانەکەی بتوانێ لەم ماوەیەدا ڕێگە بۆ دامەزرانی دەوڵەت، پێکهێنانی ئەرتەش و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ئاڵۆزی ئەفغانستان خۆش کا.

ئەم کارە ماوەی زۆرتر و هاوکاریی بەرینتری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها وڵاتانی خاوەن نفووز لەگەڵ دەوڵەتی ئەفغانستان و خۆپاراستنی وڵاتانی دراوسێ لە هەوڵدان بۆ پتەوکردنی جێگەی پێی خۆیان لەو وڵاتەیدا پێویستە.

سەرەڕای تێکڕای ئەو ئاستەنگانەی کەوتوونەتە سەر ڕێی جێگیر بوونی ئەمنییەت و ئاسایشی خەڵکی ئەفغانستان، هیوادارین کە هەست بە بەرپرسایەتی کردنی نەهادە نێونەتەوەییەکان و گرووپە جۆراوجۆرەکانی ئەفغان لە بەرامبەر داهاتووی ئەفغانستان دا، خەڵکە مەینەتچێشتووەکەی ئەو وڵاتە بخەنە سەر ڕێگای ئاشتی و ئارامی و برینەکانی چەندین ساڵەی ئەوان سارێژ بکەن.

# کۆبوونەوەی شووڕای ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست

## لە سانتو دومینیکۆ، پیتەختی کۆماری دۆمینیکین

## ٢٧ ـ ٢٦ی نوامبری ٢٠٠١

لەسەر بانگهێشتنی حیزبی شۆڕ شگێر ی دۆمینیکین، شووڕای ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست، کۆبوونەوەی خۆی لە ڕۆژەکانی ٢٦و ٢٧ی نوامبر لە شاری سانتودومینیکۆ پێك هێنا.

تەوەرەکانی ئەو کۆبوونەوەیەکە لە ژێر دروشمی "هەولدان بۆ دنیایەکی هێمن تر و عادڵانەتر"دابەر یوە چوو، بریتی بوون لە: ١ ـ وڵامدانەوە بە تیرۆریزم ٢ ـ چارەسەرکرانی کێشەو ئاڵۆزییەکان ٣ـ نەهێشتنیهەژاری.

بە سەرنجدان بە گرینگیی ئەو بابەتانەی سەرەوە، کارەکانی کۆبوونەوە لەرۆژی ٢٦ی نوامبردا تەرخان کرا بۆ پێشکیش کردنی وتارو دوان لەسەر ئەو بابەتانەو ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییەکان لەم بوارانەدا قسەیان کرد کە بریتیبوون لە: بەر یز هیپواتیومخیا، سەرۆك کۆماری وڵاتی دومینیکین، بەر یز هاتوی دوکامیس، بەرپرسی حیزبی شۆڕ شگێر ی دومینیکین، بەریز ئانتونیۆ گوتریس، سەرۆك وەزیری پرتەقاڵو سەرۆکی ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست، بەر یز سەباترۆ لە حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیا، بەر یز پیرۆ ماسیمۆ لە حیزبی چەپە دیموکراتەکانی ئیتالیا، بەر یز ڕۆلاندۆ ئارایا، سەرۆك کۆماری داهاتووی وڵاتی کوستاریکا، بەر یز پاساریۆ بەرپرسی پیوەندییە نیونەتەوەییەکانی حیزبی سوسیالیستی فەرانسەو بەر یز فریدمین لە حیزبی سوسیال دیموکراتی ئەمریکا.

هەموو قسەبێژان لە قسەکانیان دا ویر ای مەحکووم کردنی تیرۆریزم وەك دیاردەیەکی دژی ئینسانی، لەسەر پیویستیی ریشەکیش کردنی ئەو دیاردەیە لە هەموو شکلەکانیداو هەروەها وشك کردنی سەرچاوە مالییەکانی پییان داگرت. لە پیوەندی لەگەڵ چارەسەرکرانی کیشەو ئالۆزییەکان لە سەرانسەری جیهان دا، هەموویان لەسەر ئەوە هاوبیرور ا بوون کە تەنیا ریگای چارەسەری ئەوان بریتییە لە دیالۆگو وتوویژ و، ئەوە کە ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیست بەپیی پرنسیپو بایەخە بنچینەییەکانیخۆی، دژی پەنابردنەبەر زۆرو توندوتیژییە بۆ چارەسەری ناکۆکیو گیروگرفتەکان. پیویستە کە سەرەر ای گیروگرفتەکانی سەر ریگاو تەنگو چەلەمەکان، نەك هەر لە هیچ چەشنە هەولیك بۆ چارەسەرکردنی ئەوان خۆ نەبویرێ، بەلکوو دەبێ لە بیری دۆزینەوەی ئەو ریگایانەدا بێ کە پیشگیری لە پەنابردنە بەر زۆرو توندوتیژی دەکەن. بەر یز ئانتونیۆ گوتریس، سەرۆکی ئەو ریکخراوە نیونەتەوەییە، لە قسەکانیدا دووپاتی کردەوە کە ئەنتێرناسیۆناڵ بە ئەرکی خۆی دەزانێ بەو رادەیە کە بۆ ریشەکیش کردنی تیرۆریزمو سەرچاوە مالییەکانی وزە تەرخان دەکا، بەو رادەیەش هیز بۆ خەبات دژی هەژاری، فەرقو جیاوازیدانان، بێعەدالەتی، گەندەلی، پیشیلکرانی مافی مرۆڤو پیوەندیی ناعادیلانەی نیونەتەوەیی تەرخان بکا.

لە بەشیکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکەدا راپۆرتی مالی کەوتە بەر باسو سەبارەت بە بوودجەی سالی داهاتووش بر یاری پیویست درا.

لە بەشی کۆتایی کاری کۆبوونەوەکەدا، چەند بەیاننامەو بر یارنامە پەسند کران. لەوانە: ١ ـ هەولدان بۆ جیهانیکی هیمن ترو عادیلانەتر (بەیاننامە) ٢ـ سەبارەت بە خەبات دژی سەرچاوە مالییەکانی تیرۆریزم (بر یارنامە) ٣ ـ سەبارەت بە رۆژهەلاتی نیوەر است (بر یارنامە)

لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانەوە کە ئەندامی ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیستە، هەیئەتیکی دوو کەسی بریتی لە هاور یيان دوکتور خوسرەو عەبدوللاهی، نوینەری حیزب لە دەرەوەی وڵاتو شەریف بیهروز، ئەندامی کومیتەی حیزب لە کانادا لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون. هەیئەتی حیزب لە پەراویزی کاری کۆبوونەوەکەدا توانی لەگەڵ ژمارەیەك لە بەرپرسانو نوینەرانی حیزبە بەشداربووەکان لەو کۆبوونەوەیەدا چاوپیکەوتنو وتوویژ بکا. لەو چاوپیکەوتنانەدا، هاور یيانی حیزبی ئیمە وير ای گۆر ینەوەی بیرور ا سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکان، هەلویستی حیزبیان سەبارەت بە تیرۆریزمو بەتایبەت کارەساتی ١١ی سیپتامبر شی کردەوە. هاور یيانی حیزبی ئیمە هەروەها ژمارەیەك بەلگەیان سەبارەت بە هەلویستی حیزبەکەمان سەبارەت بەکارەساتی ١١ی سیپتامبر، دەس لەکارکیشانەوەی نوینەرانی ئوستانی کوردستانو هەروەها هەولەکانی حیزبەکەمان بۆچارەسەری مەسەلەی کورد لە ئیران لە ریگای ئاشتیخوازانەوە، خستە ئیختیاری ئەوان.

☯

## کۆبوونەوەیەك بۆ ئەندامانی حیزب لە هەولیر

سەعات ١٠ی پیش نیوەرۆی رۆژی شەممۆ ریکەوتی ١٣٨٠/٩/١٠ی هەتاوی کومیسیونی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران کۆبوونەوەیەکی بەرینی بۆ ئەندامانی حیزب نیشتەجێ لە شاری هەولیر لە یەکیك لە سالۆنەکانی ئەم شارە پیك هینا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە زیاتر لە ٢٥٠ کەس بەشدار بوون لە سەرەتادا هەیئەتی حیزب کە پیك هاتبوو لە بەریزان کاك حەسەن شەرەفی ئەندامی دەفتەری سیاسی، کاك محەممەد شەهرەوان ئەندامی کومیتەی ناوەندی و جیگری کومیسیونی سیاسی ـ نیزامیو کاك کەمال کەریمی ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوینەری حیزب لە هەولیر، لە لایەن بەریوەبەرانی کۆبوونەوەکەوە بە خیرهاتن کران. پاشان هاور یی بەر یز کاك حەسەن شەرەفی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە پیوەندی لە گەڵ وەزعی ئەندامانو هەروەها مەسەلە سیاسییەکانی پیوەندیدار بە جیهان، ئیرانو تیکوشانی حیزبو ئەرکی ئەندامانی حیزب لەم قوناغەدا بۆ بەشداران قسەی کرد. پاش کوتایی قسەکانی هاورێ حەسەن شەرەفی، ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزب چەند پرسیاریان هینانە گۆرێ کە لە لایەن هاوریی ئەندامی دەفتەری سیاسییەوە وەڵام درانەوە. ئەو کۆبوونەوەیە سەعات ١٢ینیوەرۆ کوتایی هات.

**لە دەرەوەی وڵات یارمەتییە مالییەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکییە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

**فیشە بانکییەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:**

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

## شوێندانانی ئاڵوگۆڕە نێوخۆیی و دەرەکییەکان

# لەسەر بزووتنەوەی فەرهەنگی لە کوردستانی ئێران دا

ع. وریا

لە ژمارەی رابردووی "کوردستان" دا باسیکمان لە گەشەکردنی بزووتنەوەی فەرهەنگیی کوردستانی ئیران لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دا کرد. گوتمان هیندیك کەس بە ئەنقەستو بەنار ەوا، هۆیەکانی ئەو گەشەکردنە دەبەنەوە سەر ویستو پیخۆشبوونی ریژیمی دەسەڵاتداری ئیرانو رادەگەیەنن کە "کۆماری ئیسلامی لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا چاوی بە سیاسەتو رەفتاری خۆی لە پیوەندی لەگەڵ خەلکی کوردستان دا خشاندۆتەوەو هەولی داوە کەمتەرخەمیو بەدبینیی کاربەدەستان بەرامبەر بەو خەلکە لە دەیەی یەکەم دا، قەرەبوو بکاتەوە". گوتیشمان کە ئەگەرچی کاربەدەستانو دامو دەزگا حکوومەتییەکان لەو دەیەیەدا ناچار بوون بەرامبەر بە جموجۆلی فەرهەنگی لە کوردستانی ئیران دا نەرمی بنوینن و "دڵ ئاوەڵایی" لە خۆیان نیشان بدەن، بەڵام ئەو رەفتارەیان "نەك لە پیکهاتنی ئالوگۆر لە نیوەر ۆكو سیاسەتەکانی ئەو ریژیمە دژی کوردە، بەلکوو لە هیندیك هۆی دیکەوە سەرچاوە دەگریّ. ئەو کۆمەلە ئالوگۆر انەی کوردستانو ئیرانو ناوچە لەو دەیەیەدا بە خۆیانەوە دیوەو شوینەواری کۆمەلیك گۆر انکاریی نیونەتەوەیی لەسەر ئیرانو کوردستان، لەو هۆیانەن کە شوینی راستەوخۆیان لەسەر گۆر انی بەناچاریی رەفتاری ریژیمو گەشەکردنی بزووتنەوەی فەرهەنگی لە کوردستان دا هەبووە". لەم وتارەدا ئاوریك لەو رووداوو ئالوگۆر انە دەدەینەوە:

### ئالوگۆرە نیوخۆیی‌یەکانی کوردستانی ئیران

نەسلیك لە تازە لاوانو لاوانی کوردو ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانەی لە کوردستان ئۆگری کاری ئەدەبیو هونەریو فەرهەنگی بوون، لەژیر کارتیکردنی شۆر شی سالی ۱۳۵۷ی ئیرانو ئاکامەکانی ـ کە پیکهاتنی ئازادییەکی کاتی لە کوردستانو دەست پیکردنی تیکۆشانی سیاسیی ئاشکرای حیزبو ریکخراوەکان بەشیکیان بوون ـ قورسایی تیکۆشانی خۆیان خستەسەر گرنگیدان بە زمانو ئەدەبیاتو فەرهەنگی نەتەوەکەیان. ئەوان کە هەستی نەتەوایەتییان بووژابۆوەو شوعووری میللییان گەشەی کردبوو، لەمەو دوا لەو بەستینەدا دەستیان بە خزمەت کرد. هەر ئەو نەسلە ئەگەر لە سالانی یەکەم دا تازەکار بوونو بەرهەمەکانیان کرچو کاڵ بوون، دواتر ـ لەگەڵ ئەوەش دا کە دەسەڵاتی جەهەننەمیی کۆماری ئیسلامی بە سەر کوردستان دا زاڵ ببوو ـ بەهۆی پیکهاتنی دەرەتانیکی بەرتەسك بۆ بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیانو، تیکۆشانو هەڵسوورانو گۆرینەوەی بیروراو ئەزموون لەو ئەنجومەنە ئەدەبیو فەرهەنگییانەدا کە بە شیوەی نیوەئاشکراو نیوە نهینی لە شارەکان دا پیك هاتبوون، بەرەبەرە پەروەردە بوونو پیّگەیشتن. ئەوان لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بەو ئەزموونەی وەسەر یەکیان نابووو بەو هیزو تینو گور ە تایبەتییەی هەیان بوو، لە ئاستیکی دیکەدا هاتنە مەیدانو لە زۆر بارەوە شوێنیان لەسەر جموجۆڵی فەرهەنگی لە کوردستانی ئێران دا دانا.

کوردستانی ئێران لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە کۆماری ئیسلامی لە سەر کارەو بەتایبەتی هەتا نێوەڕاستەکانی دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی ئەو رێژیمە، شاهێدی شەڕی نابەرامبەری رێژیم دژی تێکۆشەرانو ئازادیخوازانی کورد بووە. بەردەوامیی جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە کوردستانو بەشداریی هەزاران لاوی خەباتگێڕی کورد لەودا، حەماسە خولقاندنی بەردەوامو گیانبەخشینی هەر رۆژەی کۆمەڵێك لە شۆڕشگێڕانی کورد لە شاخو چیاکانو سەنگەرەکانی دیفاع لە مانو مەوجوودییەتی گەلی کوردو گوللەباران کرانی یەك یەكو پۆل پۆلی ئازادیخوازانی کوردستان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، هەموو کات هاندەرێکی ئەسلیی لاوانی ئاگاو رووناکبیرانی خەباتگێڕی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی رێگای خزمەت بە زمانو ئەدەبیاتو هونەرو فولکلوری میللەتەکەیان بوون. ویژدانی ئاگای ئەوان ئیجازەی پیّنەداون لە حاڵێك دا هەزاران تێکۆشەری کورد بەوپەڕی سەخاوەتەوە گیانیان لە پێناوی ئازادیو سەربەرزیی گەلەکەیان دا دەبەخشن، دەست لەسەر دەست دابنێنو "کونجی عافیەت" بۆ خۆیان هەڵبژێرن. ئەوان بەپێشوازی ئەو بانگەوازەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە چوون کە ئەگەر بۆیان ناگونجیّ لە چیاکانو نێو ئەشکەوتەکانو لە دەربەدەریو لە ژێر ئاگری کاتیۆشاو ناپاڵم دا، بە جیسم لەگەڵ شۆڕشگێڕانی میللەتەکەیان دا بن، بە ریگایەکی دیکەدا، قەرەبووی بکەنەوە: بە تەرخانکردنی زەوقو تواناو بیرو ئەندێشەی خۆیان بۆ پاراستنی وشەی کوردی، بۆ بووژاندنەوەی هونەرو ئەدەبیاتی گەلەکەیان، بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی کوردو بۆ نیشاندانی بەرحەقبوونی ویستو داخوازە لەمێژینەکانی گەلەکەیانو قامك دانان لەسەر ئەو هەموو ستەمو چەوسانەوەیەی کورد لە درێژایی مێژووی خۆیدا لەگەڵی بەرەوروو بووە.

### ئاڵوگۆڕە نێوخۆیی‌یەکانی ئێران

دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بەدوای کۆتایی پیّهاتنی شەڕ لە گەڵ عێراق دا دەستی پیّ کرد. ئەگەر لە دەیەی یەکەم دا ویستو داخوازە رەواکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانو هەرچەشنە هەوڵو تێکۆشانێکی ئازادیخوازانو کۆڕو کۆمەڵە سیاسیو رووناکبیرییەکان بەمەبەستی هێنانەگۆڕی داوا مەدەنیو دێموکراتیکەکانیان، بەو بیانوویە کە ئێران لە حاڵی شەر دایە، سەرکوت دەکرا، لەو دەیەیەدا شتێکی سروشتی بوو کە خەڵك بەگشتیو بەتایبەتی کۆڕو کۆمەڵە سیاسیو رووناکبیرییەکان، بە نەمانی ئەو بیانوویەی دەسەڵاتداران، شێلگیرانەتر لە پێشوو بێنە مەیدانو خوازیاری پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە هەلومەرجی سیاسیی وڵات دا بنو، دابین بوونو وەدیهاتنی ئەو ویستو داخوازانەیان بویّ کە چەندین ساڵ بوو سەرکوت دەکران. بەڵام پرۆژەو بەرنامەکانی ماوەی دوو دەورە سەرکۆماریی رەفسەنجانی کە ناوی "سردار سازندگی"ی لە خۆی نابووو سەردەمی سەرکۆماریی خۆی بە قۆناغی "بازسازی" ناودێر کردبوو، کەمترین هومێدیان بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی موسبەت لە هەلومەرجی گشتیی وڵات دا دروست نەکرد.

هەشت ساڵی سەردەمی سەرکۆماریی رەفسەنجانی، سەردەمی مەیداندارییی بیّ ئەم لاو ئەولای وەزارەتی ئیتلاعاتو دەزگای تیرۆرو جاسووسیو سەرکوت بوو. هەرچەند بە رواڵەت لەباری کاروتێکۆشانی فەرهەنگییەوە، ـ ئەویش زیاتر لەو ماوەیەدا کە خاتەمی وەزیری ئیرشاد بوو ـ کرانەوەو ئاڵوگۆڕێکی بەرتەسك لە چاو سەردەمی شەڕ هەست پیّ دەکرا، بەڵام هەر لەو سەردەمەدا، دەیان دەستەو تاقمی جۆراوجۆر بەهۆی وەزارەتی ئیتلاعاتو ناوەندەکانی دیکەی سەر بە رێبەریو رەفسەنجانیو ئاخوندە کۆنەپەرستەکانی دیکەوە پێك هاتن کە پەیتا پەیتا هێرشیان دەبردە سەر دەفتەری گۆڤارەکانو بنکەو ناوەندو کۆڕو کۆبوونەوە فەرهەنگییە سەربەخۆکان. ئەگەر لە نیوخۆی وڵات، لە سەرانسەری ئەو ماوەیەدا شاهیدی گیرانی یەك بەدوای یەکی نووسەرانو رووناکبیرانو بیّحورمەتیو دەمکوت کرانو زۆرجار تیرۆرو بیّ سەروشوێن کرانی ئەوان بووین، لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش دا، بە سەدان کردەوەی تیرۆریستیو ئینسان رفاندن لەلایەن بەکرێگیراوانو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە دژی موخالیفانو جیابیران بەڕێوە چوون.

هەر لەو ساڵانەدا بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی ئێران بۆ وێنە ئەراك، زاهیدان، بۆکان، تەورێز، مەشهەد، تارانو . . . شاهیدی تەقینەوەی رقو بێزاریی خەڵك لە کۆماری ئیسلامی بوونو کاربەدەستانو ئیدارەو دامودەزگا حکوومەتییەکان کەوتنە بەر لافاوی رقو تووڕەیی خەڵك. بەهۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە تەرکیبی ←

دانیشتووانی وڵات دا (لەبارەی تەمەنو خوێندەواریو . . . )و سەرهەڵدانی چاوەڕوانیو ڕوانگەی نوێ بەتایبەتی لە نێو زۆرایەتیی حەشیمەتی وڵات دا کە لاو بوون، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی پێداگر بوونو بەردەوامیی دەسەڵاتداران لەسەر دیکتاتۆریو پاوانخوازیو بایەخنەدان بە داخوازە سیاسی، ئابووریو فەرهەنگییەکانی خەڵك، مەودای نێوان حاکمییەتو خەڵك سەد ئەوەندەی پێشوو بەرین بووە.

لە ئاکامی ئەو وەزعەدا کەلێنو ناتەبایی نێوان قۆڵەکانی دەسەڵاتیش گەورە بووەو ئەو بەشانە لە حاکمییەت کە داهاتوویەکی ڕەشیان لەسەر ڕێی مانەوەی ڕێژیمەکەیان، بە درێژەدانی ئەو سیاسەتانەی تا ئیستای دەدیت، جۆرێك بەر وا بە پێویستیی پێکهاتنی ئالوگۆڕ لە شێوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامییان، لە قسەو دروشمەکانیان دا پێشان دا. لە درێژەی ئەو وەزعەدا، سەرەنجام ڕۆژی ۲ی جۆزەردانی ۱۳۷٦، دەرەتانێك بۆ خەڵکی ئێران پێك هات تا بە بەشدارییەکی بێوێنە لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری و بە ڕێگای دەنگدان دا، ویرای بێزاری دەربڕینێکی بەرین لە شێوەی دەسەڵاتدارەتیی تا ئەو کاتی دەسەڵاتداران، معادلەی دەسەڵات بە قازانجی بەرەوپێش بردنی ویستەکانی خۆیان بگۆڕن و وەزعێکی تەواو نەخوازراو بەسەر دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی دا بسەپێنن.

پێکهاتنی دەرەتانێك بۆ چاپەمەنیی وڵات و ڕۆژنامەنووسان و ڕووناکبیران بۆ ئەوەی بە ئازایەتییەوە تا ڕادەیەکی زۆر ڕاشکاوانە سیاسەت و ڕەفتارو بەرنامە چەوت و دژیگەلییەکانی کۆماری ئیسلامی بدەنە بەر تیشکی ڕەخنە؛ هاتنەکایەی هەلومەرجێکی ئەوتۆ کە خەڵك بۆ یەکەم جار لە ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا هەست بەوە بکەن دەتوانن بە دەنگدانی خۆیان شوێن لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی وەزعی وڵات دابنێن؛ دروست بوونی زەمینە بۆ دامەزرانی هێندیك کۆمەڵەو ئەنجومەن و ڕێکخراوی مەدەنی؛ لە ئاکام و بەرهەمەکانی ئەو ئالوگۆڕانە بوون. دیارە ئەو دەسکەوتانەی خەباتی خەڵك، لەو کاتەوە تا ئیستا بەردەوام لەگەڵ پەلامارو دژایەتیی جلەوبەدەستانی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووبوون. بەڵام خەڵکی ئێران نەك هەر ئامادە نەبوون دەستیان لێهەڵبگرن، بەڵکوو بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر و چەسپاندنیان و بۆ پاشەکشەی پتر بە زۆرداری و پاوانخوازی، خەبات دەکەن.

لەبارەی شوێندانانی ئەم ئالوگۆڕانەی ئێران لەسەر کوردستان دەبێ بڵێین ئەگەرچی دام و دەزگاو کاربەدەستانی ڕێژیم لە کوردستان لە دوای ئەو ئالوگۆڕانەشەوە ویستوویانە هەر بە پێوانگی پێشوو لەگەڵ خەڵکی کوردستان بجوولێنەوەو ـ وەك ڕووناکبیرانی کوردی ئێران بە حەق قامکیان لەسەر داناوە ـ لە ڕوانگەی ئەمنییەتییەوە بۆ کوردستان و خەڵکەکەی دەڕوانن و ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەن، بەو حاڵەش توێژە ئاگاو وشیارەکانی کوردستان توانیویانە هەل و دەرفەتەکان و دەسکەوتەکانی ئەو چەند ساڵەی دوایی بەقازانجی هێنانەگۆڕی ویست و داخوازەکانی گەلەکەیان و بە مەبەستی پەرەپێدان و قووڵکردنەوەو بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی فەرهەنگیی کورد، بەکار بێنن.

## ئالوگۆڕە ناوچەیی و جیهانییەکان

لە دەیەی ۹۰ی زایینی دا ـ کە زۆربەی ساڵەکانی دەیەی دووهەمی تەمەنی کۆماری ئیسلامییش دەکەونە نێو ئەو دەیەیە ـ لە ئاستی ناوچەو جیهان دا کۆمەڵێك ئالوگۆڕی گرینگ ڕوویان دا.

تێکچوونی بلووکی سۆسیالیستی یەکێك لەو ڕووداوانەیە. لەگەڵ نەمانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو، کۆمەڵێك لەو کۆمارانەی ئەو یەکیەتییەیان پێك هێنابوو ـ کە هێندێکیان دراوسێی ئێرانیشن ـ سەربەخۆییان وەدەست هێنا. لە ناوچەی بالکانیش، ئەو نەتەوانەی بە یەکەوە وڵاتی یوگۆسلاویی پێشوویان پێك هێنابوو، لە سەرەتاکانی ئەو دەیەیەدا هەوڵی خۆیان بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی دەست پێکرد. ئەگەرچی ئەو هەوڵانە شەڕی قەومیی زۆر خوێناوییان لێکەوتەوە، بەڵام هێندێك لەو نەتەوانە هەر لە سەرەتاکانی ئەو دەیەیەداو ژمارەیەکیشیان لە نێوەڕاستەکان و کۆتاییەکانی دەیەی ناوبراودا، بە ئامانجی خۆیان گەیشتن. ئەو ڕووداو و ئالوگۆڕانە هەستی نەتەوەخوازی و هومێدی گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتییەکانیان لە نێو نەتەوە بندەستەکانی جیهان دا بەهێز کرد.

هەر لەو دەیەیەدا، ڕەوتی دیموکراتیزاسیۆن لە زۆر شوێنی جیهان لە دەیەی پێشوو خێراتر بوو و زۆر لەو ڕێژیم و دەسەڵاتە زۆردارو دیکتاتۆرانەی تا ئەو کات ئامادە نەبوون مل بۆ ئیرادەی میللەتان بدەن، لە هێندێك شوێن بە خەباتی بەربڵاو و خوێناویی خەڵك و لە جێی واش بوو بە هەڵبژاردن و دەنگدانی ئازادانەی خەڵك، لەسەر کار وەلا نران.

چالاکتر بوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی گەورەو بە نفووزی جیهان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەو قەیرانە ناوچەیی و جیهانییەکان داو، بردنی ئەو کێشەو قەیرانانە بەرەو ئاقاری چارەسەرێکی دادپەروەرانە، دیاردەیەکی دیکەی ئەو دەیەیە بوون.

ئەو ئالوگۆڕو دیاردانە هومێد و وورەیان بە تێکۆشەران و خەباتگێرانی نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتییە ڕەگەزی، قەومی و ئایینییەکان بەخشی. ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانیش، ئەگەرچی خەباتی نەتەوایەتی لە نێو ئەوان دا پێشینەو ڕابردوویەکی زۆر درێژی هەبوو و شەو ڕۆژیان لە نێو دەیان دیمەنی ئەو خەباتەدا، دەگەیاندەوە یەك، بەڵام بە دیتنی ئەو ئالوگۆڕو دیاردانە، بە هومێدیکی زیاتر و بڕوایەکی پتەوتر لە جاران، شانیان دایە بەر ئەرکە نەتەوایەتییەکانیان. کارو تێکۆشان لە بەستێنی فەرهەنگی دا یەکێك لەو ئەرکانە بوو کە ڕووناکبیران و خاوەنانی ئەندیشەو قەڵەم لە کوردستان لە ژێر کارتێکردنی ئەو ئالوگۆڕانەدا، بە دڵگەرمی و هیوایەکی تازەوە ڕوویان تێکرد.

جگە لەوانەی ئیشارەیان پێکرا، جێی خۆیەتی سێ هۆکاری دیکە ناوبەرین کە هەر سێکیان شوێنی ڕاستەوخۆیان لە هاندانی ڕووناکبیران، هونەرمەندان و نووسەرانی کوردستانی ئێران بۆ بەشداریی چالاکانەتر لە بزووتنەوەی فەرهەنگیی گەلەکەیان دا هەبووە:

### گرینگیدران بە کێشەی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا

لە سەرەتای دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا، تیرۆری ڕێبەری مەزنی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دوکتور عبدالرحمن قاسملوو، ئەویش بە غەدرو خەیانەت و لەسەر مێزی وتوویژ، بووە هۆی سەرنج ڕاکێشران و هاوپێوەندیی زۆر کەسایەتی و کۆڕو کۆمەڵەی مرۆڤدۆستی ڕۆژئاوا لەگەڵ گەلی کورد. دواتر کۆچی بە کۆمەڵی کوردەکانی عیراق لە بەهاری ۱۹۹۰دا، چەند ساڵ دوای ئەو، گیرانی پارلمانتێرانی کورد لە پارلمانی تورکیە، پاشان دەنگدانەوەی بڕیاری یەکجاریی دادگایەکی ئالمان لەبارەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندیو هاوڕییانی و کۆمەڵێك ڕووداوی دیکە، سەرنجی بیرورای گشتیی دنیاو کۆمەڵگەی نێونەتەوەییان بۆ لای کێشەی کورد ڕاکێشا. بەجۆرێك کە زۆر جارو بە زۆر بۆنەوە دان بەو ڕاستییە دانرا کە نەتەوەیەکی چەندین میلیۆنیی هەروا بێبەش لە هەموو ماف و ئازادییە ئینسانییەکان بەناوی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا هەیە کە بە بێ دابین بوونی مافەکانی، ئەو ناوچەیە ئاشتی و ئاسوودەیی بە خۆیەوە نابینێ.

### پێکهاتنی هەلومەرجێکی نوێ لە کوردستانی عیراق

لەدراوسێیەتیی کوردستانی ئێران دا، کوردەکانی عیراق کە هەم ژمارەیان لە کوردەکانی ئێران کەمتر و هەم ڕووبەری خاکەکەیان لە کوردستانی ئێران بچووکترە، جگە لەوەی لە سی ساڵ لەمەوبەرەوە، وەك نەتەوەیەك لە چوارچێوەی وڵاتی عیراق دا دان بە بوونیان و بەشێك لە مافەکانیان دا نراوە، لە سەرەتای دەیەی ۹۰ی زایینی دا هەلومەرجێکی بە تەواوی نوێیان بۆ ڕەخسا. لە ئاکامی ئەو وەزعە نوێیەدا ـ جگە لە زۆر دەسکەوتی دیکە لە بوارە جیاوازەکان دا ـ هەر لە بواری فەرهەنگی دا بوون بە خاوەنی دەیان ناوەندی فەرهەنگی و بنکەو بنیاتی چاپەمەنیو ژمارەیەکی یەکجار زۆر ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردی. چەندین ڕادیۆو تەلەویزیۆن وەڕێ خران. یەکیەتی و سەندیکاو تیپ و گرووپ و ناوەندی ←

تایبەت بە هونەرمەندان و نووسەران یەك بە دوای یەك دا پێك هاتن. هیچ ڕۆژو حەوتوویەك نەبوو دەیان کتێبی تازە چاپ نەکرێن و سەدان جۆرە تێکۆشان و چالاکیی فەرهەنگی لەو بەشەی کوردستان دا بەرهەم نەهێنرێن و بەرێوە نەچن. سروشتییە کە بە سەرنجدان بە دراوسێیەتیو پێوەندیی فەرهەنگی و نەتەوەیی نێوان خەلکی ئەو دوو بەشەی کوردستان ئەو وەزعە، کاریگەریی خۆی لەسەر ڕووناکبیران و هونەرمەندان و نووسەرانی کوردستانی ئێران هەبێ و هاندەرو تەنانەت یارمەتیدەری بەشێك لە هەوڵ و هەنگاوەکانیان لە بواری فەرهەنگی‌دا بێ.

### پەرەگرتنی ئامرازەکانی تێکۆشان و گەشەو هەلدانی فەرهەنگیو دەرکەوتنیان لە کۆنترۆلی دەولەت و دەسەلات

پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیی "ارتباطات" (پێوەندییەکان)و بەرین بوونەوەی بازاری زۆر لەو کەرەستەو ئامرازانەی بۆ پەرەپێدانی کاری فەرهەنگی کەلکیان لێوەردەگیرێ، لەم ساڵانەی دواییدا بە ڕادەیەك بەرچاو بوون کە ئیدی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان با هەموو هەوڵ و توانای خۆشیان بۆ بەربەرەکانی و قەدەغەکردنی ئەو جۆرە ئامرازانەو دژایەتی لەگەڵ دەست ڕاگەیشتنی خەلك بەوان، بەکار بێنن، دیسان هەر باشار ناکەن. لە ئێرانیش دا ئەگەرچی زیاتر لە بیست سالە کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەك هەولی داوە دیوارێکی ئاسنین بە دەوری ئێران دا بکێشێ و قەدەغە و قۆرغ و ڕیوشوێنی توند بەسەر خەلك دا بسەپێنێ تا کەمترین دەرەتانی کاروتێکۆشانی فەرهەنگیی سەربەخۆیان بۆ بێلێتەوە، بەو حالەش، ڕەوتەکە بە پێچەوانەی ویستی ئەوان دەچێتە پێش. کوردستانیش لە شوێنەوارو ئاکامەکانی ئەو ڕەوتە جیهانییە بێبەش نەماوەتەوە.

ئێستا ڕووناکبیران، نووسەران و هونەرمەندانی کورد لە کوردستانی ئێرانیش بەهاسانی دەستیان بە کامپیوتێر ڕادەگا، وەدەستیهێنانی زۆر زانیاری کە ڕێژیم لێیان دەشارێتەوە، لە ڕێگای ئینتێرنێتەوەو بە شێوەکانی دیکە ـ لەگەڵ ئەوەش دا شارەکانی کوردستان هەروا لێیان بێبەشن ـ شتێکی غەیرە مومکین نیە. ئەو سەردەمە بەسەر چووە کە ڕێژیمەکان لە ڕێگای پاوانکردنی هەموو ئامرازێکی پێویست بۆ کاروباری فەرهەنگی، بتوانن هەموو جموجۆلێك کۆنترۆڵ بکەن و پێشی بگرن.

# بەسیجی موستەزعەفین یا لەشکری دژی گەلی؟!



درێژەی لاپەڕ ەی ١

بەو شێوەیە دەس نیشان کرابوو: ڕاکێشانو بارهێنانی کۆمەلانی خەلكو "مستضعفین"، ڕێکخستنو چەکدار کردنی ئەوان لە یەکە بەرگرییەکان دا بە مەبەستی پێکهێنانی ئەرتەشی بیست میلیونی بۆ بەرگری لە وڵاتو شۆڕش. بە شوێن ئەو فەرمانەدا پێگەکانی بەسیج لە گەڕەکەکان، مزگەوتەکان، حوسێنییەکان، ئیدارەکان، کارگەکان، قوتابخانەکانو . . . دامەزران. لە سەرەتای پێکهاتنی بەسیج دا، نێوەرۆکی ڕاستەقینەی، بۆ خەلکی ئێران ڕوون نەبوو. بەلام بەدوای سپێردرانی بەرپرسایەتیی بەسیج بە سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی (لە ژێر ناوی پێگەی بەرگریی بەسیج)دا)، مەبەست لە پێکهاتنی بەسیج بە تەواوی ڕوون بۆوە. تا بەرلەو ڕیکەوتە، کردەوەکانی وەك هێرش بۆ سەر کۆبوونەوە خەلکییەکانو مێتینگە سیاسییەکانو هێرش بۆ سەر زانستگەکانو . . . بە هۆی گۆپاڵ بەدەستانو داروەدەستە گوێ لەمستەکانی حاکمانی تازە، ناوی کردەوەکانی "امت حزب الله"ی لە سەر دانرابوو. بەلام دواتر هەموو ئەو جۆرە کردەوانە ویرای ناردنی هێزە هەوسار پچراوەکان بۆ کوردستانو تورکمەن سەحراو . . . بە شێوەیەکی ڕێکخراوو بە بەرنامە ئەنجام دەدران. بە دەسپێکردنی شەڕی ئێرانو عێراق، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی زیاتر هەستیان بە پێویستیی ڕێکخستنی بەسیج کردو هەموو توانای خۆیان بۆ کەلکی خراپ وەرگرتن لە هەستی مەزهەبیی خەلك بە مەبەستی بەهێزکردنی بەرەکانی شەر بەکار هێنا. بەداخەوە لەم نێوەدا، لاوازترین توێژی خەلك، لاوانو بەتایبەت ئەو مێرمندالانە بوون کە لە ژێر کاریگەریی پڕۆپاگەندەی ڕێژیمو پەرەپێدانی هەستی مەرگدۆستیو شەهادەتخوازی لە مێشکی ئەوان دا، ڕوویان کردە پێگەکانی بەسیجو بە بێ کەمترین ئامادەیی جیسمیو نیزامی بەرەو کوشتارگەکانی بەرەکانی شەر بەرێ دەکران. بە چەشنێك کە لە ماوەی شەڕی ٨ ساڵەی ئێرانو عێراق دا، ٣٦٠٠٠ کەس لەو مێرمندالانەی بە ناوی بەسیجی قوتابیان (بسیج دانش آموزی) نێردرابوونە بەرەکانی شەر، کوژرانو نیزیکەی ٣٠٠٠ کەس لەوانیش نەقوستانو کەم ئەندام بوون(١). پێویستە بگوترێ نیونجی تەمەنی ئەو مێرمندالانە نەدەگەیشتە ١٦ ساڵ.

دوای کۆتایی شەڕو بەتایبەت دوای مەرگی خومەینی پێگەی سیاسیی بەسیج چووە قۆناخێکی دیکەوە. بلاوبوونەوەی وەسیەتنامەی خومەینیو پیداگرتنی زۆری ئەو لە سەر ئەو قسەیە کە لە حالێك دا بەرپرسان [ لە ئاست ئەو شتانەی دژایەتییان لەگەڵ ئابرووی کۆماری ئیسلامی دا هەیە] کەمتەرخەم بن، لاوانی حیزبوللایی بۆخۆیان دەتوانن هەنگاو بنێن؛ بووە گەورەترین بیانوو بەدەست جلەوبەدەستانی بەسیجەوە، کە لەوەبەدوا بەسیج بە ناوی "امت حزب الله"وە بەردەنە گیانی نەیارانو جیابیران (تەنانەت ئەو جیابیرانەش کە خۆیی‌و سەربە حکوومەت بوون). چەند ساڵ پاش مەرگی خومەینیو هێنانەگۆڕی مەسەلەی بەربەرەکانی دژی هێرشی فەرهەنگی لە لایەن ڕێبەری تازەی ڕێژیمی ئیسلامییەوە، بەسیجییەکان وەك گوێ لەمستانی "ولایت" فەرمانەکانی خامنەیی‌یان بە باشترین شێوە بەرێوە دەبرد. هێرش بردنە سەر کۆڕە فەرهەنگییەکانو کتێب فرۆشییەکانو کۆبوونەوە خەلکییەکانو . . . دەسکەوتی تازەی بەسیجییەکانی ناتاگاو بێ خەبەر لە ڕاستییەکان لەبواری دژایەتی کردنی عەقلو ئازادی دا بوون. بەرێوەبەرانی بەسیج کە دارشتنو گەلالە کردنی سیاسەتە درێژخایەنەکانی ئەو هێزەیان بە ئەستۆ بوو، زۆربەیان لە کادرەکانی ڕیبەریی سپای پاسدارن بوون. بەلام بۆ پاراستنی ڕوالەت هەولیان دەدا هێندێك بنیاتی بە ڕوالەت سەربەخۆ لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوەییو چاپەمەنیو . . . دا دامەزرێنن تا کردەوە غەیرە ڕەسمیو نهێنییەکانی بەسیج لە ژێر ناوی ئەوان دا گەلالە ڕێژی بکەن و بەرێوەیان بەرن. لەو قۆناخە دا بوو کە ڕێکخراوەکانی " یالثارات الحسین"، "انصارحزب الله"و دامەزراوەی فەرهەنگیی "نصر"و . . . " دامەزران کە ویرای دابین کردنی خۆراکی تەبلیغاتیو بابەتی ڕۆژانە بۆ دنەدانو دیاری کردنی ڕیوشوێن بۆ بەسیجییەکان، نەخشی ئالقەی ←

پیوەندییان لە نیوان کەسانی پایەبەرزی ریژیم (بەتایبەت بنیاتەکانی "روحانیت مبارز"و "حوزه علمیه قم")داو هیزە بەسیجییەکانیان بە ئەستۆوە بووە. لەم قۆناخەدا بوو کە بەسیج بە تەواوی بووە هیزیکی میلیشیایی بۆ پیکهینانی ترسو خۆف لە کۆمەڵ دا. تیئوریسیەنەکانی بەسیج هەولیان دا بەسیجییەکان لە باری فیکرییەوە لە خەلك دابرنو بە هۆی دابەشکردنی ئینسانەکان بە سەر دوو چینی "خواص"و "عوام"دا، هەوڵ بدەن بە دانی کەسایەتیی درۆ بە بەسیجییەکان، ئەوان بکەنە مەئمووری رینوینو نیشاندەری چاکەو خراپە بە خەلك لە هەموو بوارەکانی ژیان دا! یەکیك لە سیما بە ناو رۆژنامەنووسو رووناکبیرەکانی بەسیج! لە وتاریکی خۆی دا بە راشکاوی رای گەیاند: "ئیمە بەو ئاکامە گەیوین ئەگەر چاو لە خەلکی رەشایی غافڵ کەین، بە پیی سروشتی خۆیان دەجوولینەوەو بەلاریّ داو بەرەوتاریکستان دەچن! رەوتی گەشەکردنو کامڵ بوونی ئینسان، رەوتیکی "قەهری" (توندوتیژ)ەو پیویستی بە زۆری چەك هەیە!(۲) لە راستی دا بە بروای ئەوان، تەنیا بەزۆری چەك دەتوانریّ مرۆڤەکان بەرەو ریگای راست رینوینی بکرینو تەنانەت لیدانو ئازاردانی فیزیکییان بە باشترین ئامراز دەزانی!

سەیر ئەوەیە کە هەر کات لەگەڵ دژکردەوەی خەلکی بەرەوروو دەبوون یا لە لایەن هیندیك دامودەزگای بە روالەت یاسایییەوە رەخنە لە کردەوە سەرەرۆیانەکانیان دەگیرا، بە نیشاندانی خۆیان وەك زۆرلیکراوو کەلك وەرگرتن لە ئەدەبیاتی "لیدەو هاواریش بکە"، قەوانە کۆنەکەی خۆیان لی دەدایەوە کە: "بەسیجی تەنیاو غەریبە"و "بەسیجی یادگاری سەردەمیکی بەسەرچووە"و "بەسیجی کاری خۆی لە "خونین شهر"ەوە دەست پیّ کردوەو لە "والفجر"دا تەواوی کردوە"و . . . بە کورتی بە وەریخستنی شانۆسازیی لە گوین کراس قاوەیییەکانی ئالمانی هیتلیریو کراس رەشەکانی ئیتالیای موسولینی، خۆیان دەگەیاندە ریبەرو "مرجع تقلید"ی خۆیانو ریبەریش بە میهرەبانییەکی تەواوەوە، ویرای ئەوە کە بەلینی دەدا ئەوانە کە بوونەتە هۆی رەنجانی بەسیج سزا بدرین، ئەوانی بۆ سووربوون لە سەر دریژەی "ریگای پیرۆزی خۆیان" هان دەداو دلگەرمی دەکردن.

یەکیکی دیکە لەو هەنگاوانەی بە هۆی گەلالە داریژەرانی بەسیجەوە ئەنجام دراون، بریتییە لە هەولدان بۆ خەوشدار کردنو بیّ بایەخ نیشاندانی ئامانجی رزگاریخوازیی خەلکی ئیران. لە گەرمەی شکڵ گرتنی خەباتی خەلکی ئیران بۆ گەیشتن بە ئازادیو دیمۆکراسی دا، بەرەی چاپەمەنیی بەسیج چالاك بووو ویرای هەولدان بۆ پیرۆز نیشاندانی روانگەی فاشیستیی خۆیان، لە ریگای کەلکی خراپ وەرگرتن لە دینو ناساندنی بنیاتە حکوومەتییەکان وەك شتیکی پیرۆزو سەپاندنی روانگەی کۆنەپەرستانەی خۆیان، هەولیشیان دا کە هیزەکانیان جاریکی دیکە دژی ویستە ئازادیخوازانەکانی گەلانی ئیران، بیننە مەیدان. هیرشی ئەوان بۆ سەر بنەما فیکرییەکانی دیمۆکراسیو هەولدان بۆ ئەوەی وا نیشان بدەن کە دیمۆکراسی لەگەڵ ویستە ئانارشیستیو دژی دینییەکان یەك سەرچاوەیان هەیە، بەو مەبەستە بوو کە بەسیجییە فریو خواردووەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ جوولانەوەی پیشکەوتنخوازانەی گەلانی ئیران باشتر هان بدەن. یەکیك لە ناسراوترین دەمراستەکانی بەسیج لە مەیدانی چاپەمەنیدا لە کاتی شیکردنەوەی دیمۆکراسی دا ئیددیعای کرد: "دیمۆکراسی، دیکتاتۆریی زۆرداران و داگیرکەرانە بۆ سەر مافە ئیلاهییەکانو سنووری مەعنەویی حەقیقەتی فیتریی مرۆڤەکان! دیمۆکراسی هەمان کۆنەپەرستییە! گەرانەوەیە بۆ نەزانیو شیرکو کوفر! دیمۆکراسی مەرگی ئازادییە! حاشا لە عیزەتو کەرامەتی مرۆڤ دەکاو نامۆ بوونە لە خۆو لە خودا! چلەپۆپەی دیمۆکراسی، پووچیو داماویو سەرلیشیواویو نەخۆشییە! (۳) سروشتییە کەسانیك کە خۆیان بە "خواص" (هەلبژاردە)و خەلکی بە عەوامو (نەفام) دابنین، بەم جۆرە دیمۆکراسی شی بکەنەوە!

بەم شیوەیە ئەوان لە روالەت دا توانیان ئیدئۆلۆژییەکی توتالیتیرانەی پشت ئەستوور بە توندوتیژی لە جیگای ئامانجی دیمۆکراسی بەرنە نیو میشکی هیزەکانی وەفادار بە خۆیان. ئەوان بە هاندانی لایەنگرانی خۆیان بۆ بەریوەبردنی راسپاردەی ئیمامەکەیان کە فتوای ئەنجامدانی هەرچەشنە کردەوەیەکی دژی گەلییانەی بە بیانووی بەرگری لە ئابرووی کۆماری ئیسلامیو بەجیگەیاندنی "امر به معروف و نهی از منکر"دا بوو، لە راستیدا خەلکیان وەها وەزالە هینا کە دروشمی "مردن بۆ بەسیجی"و دروشمی دیکەی لەوبابەتە بیننە نیو ئەدەبیاتی خەباتکارانەی خۆیانو بەسیجییەکانیش خەلك بە دوژمنی خۆیان بزانن! خەلکیك کە قەرار بوو "بسیج مستضعفین" هەموویان بەختەوەر بکا!

لە ئاکامی زیاد بوونی رادەی بیزاریو دژکردەوەی تیکەڵ بە رقو نەفرەتی خەلك بەرامبەر بە کردەوەکانی بەسیجو هەروەها دەرکەوتنی نیوەرۆکی بەتاڵو پووچی بنەما فیکرییەکانی بەسیجییەکان، بەشیك لە هیزە کالفامو هەلخەلەتاوەکانی بەسیجی، وەخۆهاتنەوەو گەرانەوە بۆ باوەشی خەلكو تەنانەت هیندیکیان نیوەرۆکی بنیاتەکانی فەرماندەییو جۆری پیوەندیی ئەوان لەگەڵ باندە تۆقینەرەکانی ئیتلاعاتو سپایان تا رادەیەکی زۆر، لەقاودا!(٤) ئەوەش لە حالیك دا بوو کە بەرپرسانی ریژیم لە سالانی رابردوودا بۆ ئەوەی هیزەکانی بەسیج هەروا پییان وەفادار بمیننەوە، هیندیك ریگایان گرتبوونەبەر. بیجگە لە پیکهینانی دەرەتانی دەستراگەیشتنی کادرە پایە بەرزەکانی بەسیج بە سەرچاوە مالییەکانو کەلك وەرگرتنی چاوچنۆکانەی ئەوان لە رانتە جۆراوجۆرەکان، لە ریزەکانی خوارەوەی بەسیجیش دا ئیمتیازی بەرچاوو تایبەت بە لقە جۆراوجۆرەکان دراوەو بەم جۆرە ویرای هەولدان بۆ پاراستنی هیزەکانی متمانەپیکراو، لە راکیشانو فریودانی هیزە ساکارەکانیش چاوپۆشی نەکراوە. بۆ وینە بەرپرسانی "بەسیجی قوتابیان" بە دانی ئیمتیازەکانی وەك کەمکردنەوەی ماوەی سەربازی (دوای تەواو کردنی خویندن)و ئاسانکاری بە مەبەستی چوون بۆ زانستگە لە ریگای دابین کردنی پشکی تایبەتو هەروەها ناچارکردنی ئیدارەی پەروەردەو فیرکردن بە پیکهینانی دەورەی تەقوییەتی بۆ بەسیجییەکان ـ ئەویش لەو هەلومەرجە سەختەدا کە بۆ خویندن لە ئیران دا هەیە ـ بە ئیددیعای خۆیان توانیویانە ئاماری قوتابیانی بەسیجی بگەیەننە ۳ میلیون کەس! دیارە درۆ یا راست بوونی ئەم ئامارە لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایانەی خەلك دژ بە ریژیم دا ـ کە بە قسەی کاربەدەستانی ریژیم، زیاتر لە ۸۰٪ی ئەوان لاوو میرمندالی خوار ۱۸ ساڵ بوون ـ دەردەکەویّ. لە راستی دا بەشی "بەسیجی قوتابیان" روالەتیترین بەشی ئەو هیزە دژی گەلییە پیك دینیّ.

لە زانستگەکانیش دا کەم تا زۆر وەزعەکە هەر بەم جۆرەیە. بەرپرسانی ریژیم سەرەرای هەموو ئەو دەرەتانانەی بۆ دریژەی خویندنی خویندکارانی بەسیجی لە پلەکانی سەرەوەتری خویندن دا رەخساندوویانن، تەنانەت نەیانتوانیوە هەموو خویندکارانی بە ناو "رزمنده" یا ئەوانە کە سەر بە بنەمالەی کوژراوەکانی شەرن، بۆلای خۆیان راکیشنو زۆربەی ئەوانە پییان باشترە سەربەرزانە بینە نیو هاوزانستگەیییەکانیان، نەك لەو چەشنە ئیمتیازانە بەهرەمەند بن. لە لقەکانی دیکەی بەسیجیش دا (بەسیجی کارمەندی، بەسیجی ئەسناف، بەسیجی عەشایری و . . . ) هەر بەو شیوەیە کار کراوە.

بەلام لەونیوەدا بەسیج لە کوردستان بە شیوەیەکی بەتەواوی جیاواز جوولاوەتەوە. پاش ئەوەی ریژیم هەستی بەو راستییە کرد کە لە کوردستان بە تەماع وەبەرنانو فریودان سەرەرای زۆریو بەربلاویی تەبلیغاتو هەولی جۆراوجۆری دیکەش سەرکەوتوو نەبووەو تەنیا توانیویەتی ژمارەیەك تاقمی بیزراوی کۆمەڵ بکاتە بەسیجی، لە زۆربەی بوارەکان دا ـ بە شێوەی ناراستەوخۆ ـ ئەندامەتیی بەسیجی کردوە بە ئیجباری. لە شارەکان دا بەشی زۆری چالاکییە تیجارییەکان یا دانی مۆڵەتنامەی کەسبو کار بەستراوەتەوە بە ئەندامەتیی لە بەسیج داو تەنانەت وەدەست هێنانی کارتی پیلەوەری لە ناوچە سنوورییەکان دا بۆ کەسانێك کە ئەندامی بەسیج نەبن زۆر دژوارە. لە ئاوایییەکانیش دا ئەندامەتیی بەسیج، مەرجی دەست راگەیشتن بە بەشی زۆری خەدەماتی کەشاوەرزیو دابین بوونی پێداویستییە سەرەتایییەکانی خەڵکە! لە کوردستان کەڵك←

وەرگرتن لە بەسیجی کارمەندیو ئەسنافو قوتابی لە ڕێپێوانە دەوڵەتییەکانو ڕێورەسمەکانی پێشوازی لە مۆرە حکوومەتییەکان دا بۆتە دیاردەیەکی باو. دیارە کەڵك وەرگرتن لە بەسیجییەکان لەو ڕێورەسمانەدا هەر تایبەت بە کوردستان نیە بەڵکوو لە سەرانسەری ئێرانو بە تایبەت لە کاتی سەفەرەکانی خامەنەییو رەفسەنجانیو . . . هێزە گەڕۆك (سیار)ەکانی بەسیج لە شارەجۆراوجۆرەکان ڕا کۆدەکرێنەوەو بەم جۆرە ناهێڵن ئەو جەنابانە لە بواری پێشوازی کران لە لایەن "خەڵکی هەردەم لە مەیدان دا" تووشی کەموکووری بن! دوایین نموونەکەشی بریتی بوو لە بەشداریی دەیان هەزار لەم جۆرەکەسانە لە جەرەیانی سەفەری خامەنەیی بۆ ئیسفەهانو کۆبوونەوەی تایبەت بە حەوتووی بەسیج لە ڕۆژەکانی سەرەتای سەرماوەزی ئەمساڵ دا. لەو ڕێورەسمەدا یەحیا ڕەحیم سەفەوی (فەرماندەری سپا)و حەجازی (فەرماندەری گشتیی بەسیج) چەندین جار مزگێنیان بە خامەنەیی دا کە تا ساڵی ۸۲ ئەرتەشی دەمیلیونی پێك دێ (کە دیارە پێشتر قەولی ئەرتەشی ۲۰ میلیونی درابوو).

ڕەنگە زۆربەی ئەندامانی بەسیج ساڵەکانی بەر لە شۆڕشیان نەدیبێ. بەڵام خامەنەییو فەرماندەرانی بەسیج لەبیریانە کە حیزبی میلیونیی "ڕستاخیز" لە دوایین ساڵەکانی حکوومەتی پاشایەتی دا تا چ ڕادەیەك لە پاراستنی ئەو ڕێژیمە دا سەرکەوتوو بوو! بێ گومان بەسیجیش هەر ئەوەندە دەتوانێ فریای درێژکردنەوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە بکەوێ. لەگەڵ پەرەئەستاندنی ڕاپەرینی گەلانی ئێران، زۆربەی ئەندامانی بەسیج بە بیرکردنەوەو ڕامان لە کردەوەی خۆیانو بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕابردوو ـ ئەگەر تۆزێك ئەقڵیان هەبێ ـ ڕوودەکەنەوە نێو ڕیزەکانی خەڵك. گومانیشی تێدا نیە کە ئەوکات زۆر لەوان زۆر قسەی نەگوتراویان بۆ خەڵکی ئێرانو بۆ تۆمار کردن لە مێژوودا پێیە.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

۱ـ بڵاوکراوەی "دانستنیهای بسیج دانش آموزی" هاوینی ۷۹

۲ـ وەرگیراو لە کتێبی "تلقی فاشیستی از دین و حکومت" اکبر گنجی، لاپەڕەی ۲۲۳

۳ ـ "شهریار زرشناس" بڵاوکراوەی "مشرق"، ژمارە ۵ لاپەری ٦

٤ ـ مەبەست ئەو ڕاستییانەن کە "امیر فرشاد ابراهیمی" ددانی پێدانانو مەسەلەکە بە پەروەندەی نەوارسازان ناوی دەرکردوە.

## ڕاپۆرتێك لە تارانەوە

### بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی سێهەمین ساڵرۆژی شەهید بوونی فرووهەرەکان

درێژەی لاپەڕەی ۱

بەڵام چونکە دوکتور "نظام الدین" پێشتر ئەوەی پێش بینی کردبوو کە ڕێگای نەدرێ بچێتە مەجلیسی یادبوودەکە، نوسخەیەك لە وتارەکەی ناردبوو بۆ بەڕێوەبەرانی ڕێورەسمەکە. ئەو ڕێورەسمە بە چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد. دوایە وتاری دوکتور "نظام الدین" لە لایەن کوڕێکی گەنجەوە خوێندرایەوە کە زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.

دوکتور نظام الدین وێڕای یادی فرووهەرەکانو ڕێز لێنانی نەخشی خەباتگێڕانەی ئەو دوو شەهیدە بە ڕاشکاوی هێرشی کردبووە سەر دەوڵەتو بەتایبەت "قوەء قضایی" کە هیچ کارێکی بۆ بەسزا گەیاندنی بەرنامەڕێژانو بەڕێوەبەرانی نەخشەی تیرۆری فرووهەرەکان نەکردوە.

دواتر ئاغای "خلیل خلیلی" لە ڕێبەرانی حیزبی میللەتی ئێران لە وتارێکی جوان دا باسی خەباتی دژی ئیستیعمارییو دژی دیکتاتۆریی فرووهەری کردو ئەمجار نۆرە گەیشتە دوو یادگاری "داریوشو پروانە فروهر"، واتە خانمی "پرستو"و ئاغای "آرش فروهر" کە هەردووکیان بەوتاری پرهەستو جوانی خۆیان دۆستانی فرووهەرەکانو ڕێبوارانی ڕێگای ئامانجی فرووهەرەکانیان کردە گریان. ئەوانیش لە وتارەکانیان دا بە توندی دەزگای حکوومەتیو بە تایبەتی "قوەء قضائیە"یان لەبەر ئەوە کە هیچیان بۆ بەسزاگەیاندی قاتڵانی دایكو بابی شەهیدیان نەکردوە مەحکووم کرد.

شایانی باسەکە لەگەڵ ئەوەی لە بەیانییەوە هێزە ئینتیزامییەکان ئەو شوێنەیان بەتوندی خستبووە گەمارۆی خۆیانەوەو تەنانەت چەند ئەفسەری پایەبەرزیش بۆ باشتر کونترۆڵکردنی وەزعەکە هاتبوونە ئەوێ، نەك هەر مزگەوتەکە پڕبوو لە حەشیمەت، بەڵکوو حەوشی مزگەوتو کۆڵانەکانی دەوروبەریش لەبەر حەشیمەت مۆنجیان دەداو زیاتر لە هەشت هەزار کەس لەو مەراسیمەدا بەشدار ببوون. لە کاتی ڕێورەسمەکەدا هێزە سەرکوتکەرەکان وێڕای کۆنترۆڵی وەزعەکە بەوردی خەریکی فیلم هەڵگرتن لە ڕێورەسمەکە بوون.

سەعات ٤ی دوانیوەڕۆ خەڵکەکە بە خوێندنەوەی سروودی "ای ایران" لە مزگەوت دەرکەوتنو بە دروشمدان بەرەو ماڵی فرووهەرەکان کە هەر لە نێزیك مزگەوتی "فخرالدولە" هەڵ کەوتوە وەڕێ کەوتن. دروشمەکان ئەمانە بوون: "درود بر مصدق"، "درود بر فروهر"، " باند سعید امامی رسوا باید گردد"، "مرگ بر استبداد"، "زندانی سیاسی، دانشجوی زندانی آزاد باید گردد"، "آزادی اندیشە همیشە همیشە"، "ایران شدە فلسطین ملت چرا نشستین"، "طالبان حیا کن ملتو رها کن"، "در کابل و در تهران مرگ بر طالبان"، "سیمای لاریجانی تعطیل باید گردد"، "عالیجناب سرخپوش! ما همە گنجی شدیم"، "فروهر فروهر راهت ادامە دارد"، "هاشمی عراقی اعدام باید گردد"(مەبەست هاشمی شاهرووەدی سەرۆکی "قوەء قضائیە"یە)، "رفراندم رفراندم این است شعار ملت".

جێگای سەرنج ئەوە بوو کە بەشێکی زۆر بەرچاوی حەشیمەتەکە لە ژنان پێك هاتبووو لە چەند جێگا ژنان لەگەڵ هێزە ئینتیزامییەکان دەرگیر بوون. سەعات ٥ی ئێوارە حەشیمەتەکە بڵاوەی لێ کرد.

دەبێ بگوترێ کە "جبهەء ملی ایران"و "کانون نویسندگان ایران"یش بەو بۆنەیەوە پەیامیان ناردبوو کە لە ڕێورەسمەکەدا خوێندرانەوەو زۆر لە ڕێکخراوە سیاسییەکانیش بەو بۆنەیەوە بەیاننامەیان دەرکردبوو کە لە نێو خەڵکەکەدا بڵاوکرانەوە.

**ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران هەموو ڕۆژێ**

**بەیانیان سەعات ۷ تا ۹ ئێواران سەعات ۷/۵ تا ۹/۵ بەکاتی تاران لەسەر شەپۆلی کورتی ۷۵ میتر (فرێکانسی ۳۹۸۵ کیلۆهێرتز) بە دوو زمانی کوردیو فارسی بەرنامە بڵاو دەکاتەوە.**

# گۆر انیك له سیاسەتی ئەمریکادا سەبارەت به کیشەی ئیسرائیل و فەلەستین

سوورکیو

لەدوای دەستپێکردنەوەی دەوریکی نوێ لە پێکدادانە توندوتیژەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان، کە کۆتایی بە تەمەنی دەوڵەتی ئەهوود باراك هیناو هەر لەو کاتەدا بواری بۆ بەدەسەلات گەیشتنی حیزبی لیکوود ئاریەل شارۆنیش خۆش کرد، ئیستا قسە لە هێندیك هەنگاو هەوڵو بەمەبەستی کۆتایی هینان بە تیکهەلچوونەکانو توندوتیژییەکان دەکرێ. لەماوەی زیاتر لە سالیك دا کە ئەم دەورە نوییە لە توندوتیژییەکان دەستی پێ‌کردوە، کەللە رەقیی ئاریەل شارۆن لە پلەی سەرۆك وەزیری ئیسرائیل داوبەردەوام بوونی لەسەردروست کردنی شارۆچکە جوولەکەنشینەکانو بەر یوەنەچوونو بە ئەنجام نەگەیاندنی ئەو قەولو بەڵینانەی کە دەوڵەتەکەی بەپیی ریککەوتننامە جۆراوجۆرەکان کەوتوونە سەرشانی، بوون بەهۆی ئەوە کە رادەی توندوتیژییەکان وەها پەرە بستینێ کە بواریك بۆ دیالۆگ، لیکحالی بوونو دریژەدان بە وتوویژەکانی پیشوو نەهیلنەوە. بەتایبەتی کە دوای رووداوی ١١ی سیپتامبر، سەرکوت‌و کوشتاری فەلەستینییەکان لەلایەن ئیسرائیلەوە، شانبەشانی هەولی بەرفراوانی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ ناساندنی خۆپیشاندانی فەلەستینییەکان وەك رەوتیکی تیرۆریستی پەرەی گرت. دەوڵەتی ئیسرائیل هەولی داوە بەناساندنی فەلەستینییەکان وەك تیرۆریست، سەرنجی بیرور ای گشتیی جیهانو بەتایبەتی حکوومەتەکانی ئورووپاییو ئەمریکا بۆلای خۆی رابکیشێ تا بەمجۆرە ئەوان پشتیوانی لە سیاسەتی سەرکوت‌و زەبروزەنگی ئەو دەوڵەتە بەرامبەر بە فەلەستینییەکان بکەن. ئەم سیاسەت‌و رەفتارە نیشاندەری ئەوە بوون کە ئیسرائیل سیاسەتی دیالۆگی وەلا ناوەو بە شوین ئەوەوەیە کە پلانە سیاسییەکانی خۆی بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی جووڵانەوە ئیعتیرازییەکانی فەلەستینییەکان، جێبەجێ بکاو بەلینەکانی سەبارەت بە فەلەستینییەکان پشت گوێ بخا.

لەو حەوتووانەی دوایی‌داو هاوکات لەگەڵ دریژەکیشانی قەیرانی ئەفغانستان، جۆرج بووش سەرکۆماری ئەمریکا، کولین پاول وەزیری دەرەوەو چەندین کەسی دیکە لە بەرپرسانی ئەو وڵاتە لە قسەو لیدوانە رەسمییەکانی خۆیان دا ئاماژەیان بەقەیرانی نیوان ئیسرائیل‌و فەلەستینییەکانیش کردوە. گەرچی ئەمریکا بەگشتی تا ئیستا لایەنگری لە ئیسرائیل کردوە، بەلام لیدوانەکانی ئەم دوایانەی بەرپرسانی ئەمریکا نیشانەی وەرچەرخانیکی بەرچاون لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە پیوەندی لەگەڵ کیشەی ئیسرائیل‌و فەلەستین دا. وا دیتە بەرچاو کە سیاسەتە گشتییەکانی ئەمریکا لە پیوەندی لەگەڵ ناوچەو بەتایبەتی رۆژهەلاتی نیوەر است دا چاوی پیدا دەخشیندریتەوەو لیدوانەکانی بووش‌و پاول سەلمینەری ئەم بۆچوونەن. دیارە ئەم وەرچەرخانە دەبێ وەك هەنگاویکی باش سەیری بکرێ‌و لە روانگەی ئیستراتیژیکەوە وەك گۆر انکارییەکی گرینگ لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لەبارەی رۆژهەلاتی نیوەر استەوە لەقەلەم بدرێ.

چونکە وەك دەبینین بر یارنامەکانی ژمارە ٢٤٢و ٣٣٨ی شووری ئەمنییەت تا ئیستا بایەخیان پێنەدەدراو دژایەتییان لەگەڵ دەکرا، بەلام ئیستا گرینگییان پێ‌دراوەتەوەو بۆ هەوەڵین جار بەرپرسانی سەرەوەی ئەمریکا ئاوا بە راشکاوی رەزامەندیی خۆیان لە پیکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین رادەگەیەنن‌و قسە لە پیویستیی گەیشتنی ئاوارەکانی فەلەستین بە مافەکانیان دینە گۆر ێ. شتیکی سروشتییە کە ئەم جۆرە خالانە لەلایەن کۆر و کۆمەلە سیاسییەکانەوە جیگای بایەخ پیدان بن‌و هیوای نوێ ببووژیننەوە. لە پیوەندی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەو دوایانەی ئەمریکا سەبارەت بە رۆژهەلاتی نیوەر است دا ئاماژە کردن بەم چەند خالە بەپیویست دەزانین.

ئیستا کە دەوڵەتی ئەمریکا لایەنیکی ئەسلی لە قەیرانی ئەفغانستان دایە، روونە کە بە قوولتر بوونەوەی قەیرانی دیکە لەناکاو نایەوێ تیکهەلچوونەکانی نیوان ئیسرائیل‌و فەلەستینییەکان توندتر ببێ. وا دیتە بەرچاو کە ئاکام‌و شوینەوارە بەربلاوەکانی رووداوی ١١ی سیپتامبر بوون بە هۆی ئەوە کە ئەمریکا چاو بە سیاسەتەکانی خۆی لە پیوەندی لەگەڵ مەسەلەکانی رۆژهەلاتی نیوەر است‌و یەك لەوان کیشەی ئیسرائیل‌و فەلەستین دا بخشینیتەوەو کیشەکانی ئەم ناوچە هەستیارو گرینگەی جیهان تا ئەو جیگەی ئیمکانی هەیە کۆنترۆڵ کەم بکاتەوەو بەم جۆرە بیرور ای گشتیی وڵاتانی عەرەبی‌و موسولمان تا رادەیەك هیور کاتەوە.

رەچاوکردنی سیاسەتی رەزامەندی پیشاندان لەگەڵ پیکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینی دەبێ لەم روانگەیەوە سەیری بکرێ. دەوڵەتی ئەمریکا توانای ئەوەی نیە بەبێ راکیشانی پشتیوانیی بیرور ای گشتیی عەرەبەکان‌و موسولمانان بە هۆی عەمەلیاتی نیزامییەوە،بەسەر تۆر ی تیرۆری ئەلقاعیدەدا سەرکەوێ. چونکە لە هەلومەرجی ئیستادا ئەوە هەر ریکخراوی "القاعده" نیە کە کاری تیرۆریستی دەکا، بەلکوو ئەو رایەلکە تیرۆریستییە پیك هاتوە لە گرووپە ژیر زەمینییە رادیکالەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر، هەر لە وڵاتانی عەرەبییەوە بگرە تا دەگاتە ئورووپاو ئەمریکاش. ئەمریکاو وڵاتانی پیکهینەری ئیئتیلافی دژی تیرۆریسم ئیدیعا دەکەن کە پیویستیان بە میکانیزمیکی تایبەتی هەیە بۆ گۆر ینی فەزاو هەلومەرجی ئەو شوینانەی کە تیرۆریستەکانیان تیدا حەوانەتەوەو ئەم مەسەلەیە بە یەکیك لە ئەرکە ئەسلییەکانی خۆیان لە خەبات بە دژی تیرۆریزم دا لە قەلەم دەدەن. بۆ ئەوەی ئەم گۆر انکارییە بە کردەوە بیتە دی دەبێ لە ناوچەی ئاستەمی رۆژهەلاتی نیوەر است دا کیشەکانی جیهانی عەرەب کە سەرەکی‌ترینیان مەسەلەی ئیسرائیل‌و فەلەستینییەکانە، چارەسەر بکا. ئەمەش پیویستی بە کەمکردنەوەی پشتیوانیی بێ مەرجی ئەمریکا لە ئیسرائیل هەیە. کەوایە ئەمریکا پیش لە هەموو شتیك بۆ بەئاکام گەیاندنی سیاسەتە نوییەکانی خۆی لە ناوچەی رۆژهەلاتی نیوەر است دا دەبێ بەمەبەستی پیك هاتنی دەوڵەتیکی سەربەخۆی فەلەستینی فشار بخاتە سەر ئیسرائیل، تا بەم شیوەیە قەیران لەم ناوچەیەدا کەم بیتەوەو ئیسرائیل‌و فەلەستینییەکان لە ئاشتی‌و ئارامی‌دا بژین. ئیسرائیلیش دەبێ لەم راستییە تێبگا کە ئەو نرخەی بۆ شەر لەگەڵ فەلەستینییەکانی دەدا، زۆر زیاترە لەو نرخەی کە دەبێ بۆسەقامگیربوونی ئاشتی‌و هیمنی بیدا.

دوایین خاڵ کە دەبێ باسی بکەین، ئەوەیە کە بە سەنجدان بەو گۆر انکارییەی لە سیاسەتی ئەمریکادا بەرامبەر بە رۆژهەلاتی نیوەر است هەست پێ دەکرێ، ئایا کۆماری ئیسلامیی ئیران بەو هەمووە ئاژاوەگیر ی‌و دەستیوەردانەی خۆی لە ناوچەی رۆژهەلاتی نیوەر است دا ناچار دەکرێ دەست لەو سیاسەتەی خۆی هەڵ بگرێ،یا دیسانەکە بەرژەوەندییە سیاسی‌و ئابوورییەکانی ئورووپاو ژاپۆن‌و روانگەی ئەمریکا مەوداو دەرەتانی دریژەدانی سیاسەتی ئاژاوەگیر انە بۆ ئەم ریژیمە دابین دەکەن؟ ئەمە شتیکە بەستراوەتەوە بە جیددی بوون یا نەبوونی ئەمریکاو وڵاتانی هاوپەیمان لە دژی تیرۆرو پیداگرتنی ئەوان لەسەر هەلویستی دژی تیرۆریستیی خۆیان‌و سووربوونیان لەسەر کۆتاییهینان بە ئاژاوەو تیرۆرو رەخساندنی بواری پیویست بۆ ئەم مەبەستە. ☯

# بەڵێ دنیایەکی باشتر ئیمکانی هەیە!

**ئەم وتارە لە نێوەڕاستەکانی ئۆکتوبری ٢٠٠١ دا لە رۆژنامەی KlasseKampen دا بڵاوکراوەتەوە. بەدەسکاریو کورت کردنەوە لە نۆروێژییەوە کراوەتە کوردی.**

**نووسینی: خانمی Bente Aasiont ئەندامی بەڕێوەبەری رێکخراوی نۆروێژیی Attac Norgeە.**

**وەرگێڕانی زانا ـ ئۆسلۆ**

رۆژانی ١١ تا ١٤ی ئوکتۆبری ٢٠٠١، کۆنفرانسیك بۆ باسو لیکۆلینەوە، سەبارەت بە گلۆبالیزاسیۆن، لە شاری ئۆسلو، پیتەختی نۆرویژ پیك هات. پتر لە حەوت سەد کەس لە شارەزایانی کاروباری سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتی لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بوون. دروشمی کونفرانسەکە بریتی بوو لە: "بەلێ ئیمکانی ئەوە هەیە کە دنیایەکی لەوەی ئیستا باشترمان هەبێ".

ئەوانەی لەم کونفرانسەدا بەشدار بوون، هەموویان لە سەر ئەو بروایە بوون کە ئەم دنیایەی ئیستا، شتیك نیە کە بەسەرمان دا سەپابێو ئالترناتیویکی دیکەی جیا لەوەمان نەبی. ئەوان بە قوولی بروایان بەوە هەبوو کە دەکرێ ئەم دنیایە بگۆرین بە دنیایەکی باشتر بۆ ژیان. دنیایەك کە کامەرانی، بەختەوەریو تیروتەسەلی بۆ هەموان دابینو دەستەبەر بکا.

### چ دنیایەك؟

دنیایەك کە لەوێ دا جیاوازیی نیوان هەژارانو دەولەمەندان نەك هەر رۆژ بە رۆژ زۆرتر نەبێ، بەلکوو رۆژ بە رۆژ کەمتر بیتەوە. دنیایەك کە لەوێ دا خواردن، دەرمانو دوکتورو ئیمکاناتی لەشساغیو خویندنو فیربوون، بۆ هەمووان هەبێ، نەك هەر بۆ ژمارەیەکی کەم.

دونیایەك کە تواناو لیوەشاوەیی ئینسانەکانو دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکان بۆ پیکەوە ژیانی بە ئاشتیو لیك حالی بوونو وەبەرچاوگرتنی قازانجو بەرژەوەندییە رەواکانی یەکتر بباتە سەر. دنیایەك کە لەوێ دا گەلانو دەستەو تاقمە ئایینیو مەزهەبییەکان بتوانن باشتر پیکەوە بژینو چاکتر لیك حالی بن. لەوە حالی بن کە بە هەموو جیاوازییە جۆراوجۆرەکانیانەوە، چ لە ئاستی نەتەوەییو لە چوارچیوەی یەك وڵات دا، چ لە ئاستی ناوچەییو ناوچەیەك داو چ لە ئاستی نیونەتەوەییدا، دەبێ پیکەوە بژینو ئاور لیك دەنەوەو دەستی هاوکاریو برایەتیو دۆستایەتی بۆ یەکتر دریژ کەن. دنیایەك کە لەوێدا ئەو مەترسیو هەرەشانەی کە لەسەر ژینگەو ژیانی مرۆڤ هەن، بەهیند بگیرینو بەرنامەو پلانی نەتەوەییو ناوچەییو نیونەتەوەیی بۆ چارەسەرکردنیان لەبەر چاوبگیرێ. دنیایەك کە هەلومەرجیکی لەبار بۆکار کردنی ئورگانە جۆراوجۆرەکانی هەلبژیرداوی خەلك بخولقینێو نیوەرۆکی ئەو ئورگانە هەلبژیرداوانە دەولەمەندتر بکا. دنیایەك کە لەوێ دا مافە مەدەنیو سیاسییەکانی خەلك نەهادینە کرابن. دنیایەك کە دابەشکردنی سەروەتو سامانو خیرو بیرە مادیو مەعنەوییەکان، تەنیا هەر بە میکانیزمی بازار نەسپیرێ. بە کورتی دنیایەك کە لەوێ دا جلەوی کاروباری کۆمەڵ تەنیا هەر بە دەستی لیبرالیزمی بازارەوە نەبێ.

بەشدارانی ئەم کۆنفرانسە دژی گلۆبالیزاسیۆن نەبوونو نین. ئەوان دژی هاوکاریو هاوپیوەندیی نیونەتەوەیی نیوان گەلان، وڵاتانو میللەتانی جۆراوجۆر نەبوونو نین. بە پیچەوانەوە، ئەوان بروایان بەوە هەبووو کاریش بۆ ئەوە دەکەن کە گلۆبالیزاسیۆنو هاوکاری نیونەتەوەیی بە جۆریك برواتە پیش کە نەك هەر تەنیا بە قازانجی وڵاتانی دەولەمەندو خاوەن دەسەڵات بێ، بەلکوو دەبێ قازانجی هەموو لایەك لەو پرۆسەیەداو لە ئاکامەکانی دا دەستەبەر بکرین.

پاش کۆبوونەوەی WTO لە "سیاتیل" (ئەمریکا)، پاش کۆبوونەوەی سەرۆکانی EU (یەکیەتیی ئورووپا) لە یوتەبۆری (سوئید)و پاش کۆبوونەوەی سەرۆکانی گرووپی ٨ (G8) لە ژینیوا (ئیتالیا)، ئیستا وڵاتە دەسەڵاتدارو دەولەمەندەکان دەبێ بە تەواوی لەوە حالی بووبن کە ناکرێ موخالیفانی ئەم شیوە چوونەپیشەی گلۆبالیزاسیۆن بە هیند نەگرن. ئەوان ئیدی ناتوانن حیساب بۆ ئەم دژایەتییە بەرینە نەکەن کە لە ئاستی دنیادا بە دژی ئەم جۆرە چوونەپیشەی رەوتی گلۆبالیزاسیۆن لە گۆرێ دایە. بەلێ ئەوان ئیدی ئیستا دەبێ لەوە حالی بووبن کە داخوازەکانی وڵاتانی دنیای سیهەم دەبێ گوییان لیبگیرێو وەبەرچاو بگیرین. وڵاتانی دەولەمەندو خاوەن دەسەڵات دەبێ ئیستا لەوە حالی بووبن کە پیوەندییە نیونەتەوەییەکان دەبێ دیمۆکراتیزە بکرین. ئازادیو ئاسوودەیی (رفاە)و تیروتەسەلیو بەختەوەری دەبێ بۆ هەموان هەبێو بۆ هەموان دابین بکرێ. وەختی ئەوە هاتوە کە یاساو قانوونە بازرگانییەکان، پەیماننامە گومرکیو ئابووریو بازرگانییەکان، جۆریك تەنزیم بکرین، کە قازانجو بەرژەوەندی هەموو وڵاتانی گەورەو چووکەو دەولەمەندو هەژاریان تێدا وەبەرچاو گیرابێ.

بەڵام دەبینین کە راستییەکانی دنیای ئەمرۆ ئەوە نین. ئەمرۆ وەزع بەجۆریکە کە پەیماننامە نیونەتەوەییەکان، بە قازانجی زلهیزەکانو وڵاتە دەولەمەندەکان تەنزیم کراون. ئەوەش لەگەڵ بنەماکانی هاوپیوەنیو هاوکاریی نیونەتەوەیی ناتەبایی هەیە.

بەلێ دنیاو خیروبیرەکانی دەبێ بۆ هەموان بیتو هەموو دانیشتووانی ئەم سەرزەوییە لە ئیمکاناتی ئەم دنیایە کەلك وەرگرنو پیکەوە بۆبەرەوپیش بردنو دەولەمەند کردنی تێ بکۆشین. کەواتە بەلێ بۆ گلۆبالیزاسیۆن، بەڵام گلۆبالیزاسیۆن بە قازانجی هەمووان، نەك هەر بە قازانجی وڵاتانی دەولەمەندی شیمالو بەس. ☯

## ئاگادارییەك لە کومیتەی سوئیدەوە:

### بۆ پێشوازی لە دووی رێبەندان

### ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری

### کورستان لە مەهاباد

**هاورێیانی تێکۆشەر!**

**خوشك و برایانی خوشەویستی کورد! هاونیشتمانە بەرێزەکان!**

ئەمسالیش وەك هەموو سالیکی تر، کۆمیتەی هاوکاریی هیزە سیاسییەکانی کوردو کوردستانی لە سوئید، سالرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان جیژن دەگرێ، با هەمووماڕ ئەمسالیش بە شانازییەوە هەرچی بەشکۆتر بە پیشوازی یادی پیرۆزی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە بچین! دووی ریبەندان رۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە میژووی خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورد دا رۆژیکی پرشنگدارەو هەتا هەتایە بۆ گەلی کورد جیی شانازییەو بە نەمری دەمینیتەوە.

نەوەی کورد هەر سالە بە شانازییەوە یادی دەکاتەوە، چونکە دووی ریبەندان نوختە گۆرانیکی میژووی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردەو سەرەتایەکە بۆ خەباتی هەقخوازانەو مۆدیرنی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد. بەشداریتان نیشانەی ئەمەگداری بە شەهیدانی کۆمارو پشتیوانی لە ریبازی خەباتی رزگاریخوازی و سەرکەوتنە!

**پرۆگرام:**

بەشی سیاسی: پەیام و وتارە سیاسییەکان

بەشی هونەری: هونەرمەندان ناسری رەزازی، قادر ئەلیاسی، ئەردەڵان، قادر قوربانی و کۆری هونەریی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات لە سوئید.

**شوین: ستۆکهۆلم ـ سۆلناهالین**

**ریکەوت: ٢٠٠٢/١/١٩**

**کاتژمیر: ٦ی ئیوارە**

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران**

**کۆمیتەی سوئید**

# هەواڵەکانی کوردستان

## مەریوان

### خۆکوژی لەداخی

### ئەزیەتو ئازارو بیعەدالەتی

ڕۆژی ۸۰/۸/۲۳ کەسێک بەناوی "ئەمین شیروانی" کوڕی ئیبراهیم خەڵکی گوندی "کەر ئاوا"، دانیشتووی مەریوان بەدوای گیران لە ئیدارەی ئاگاهیو بردنی بۆ "دادگا"، کاتێک کە ئازاد بوو، خۆی کوشت. ناوبراو سیگار فرۆش بووو لەگەڵ ڕەفیقێکی خۆی دووکانێکی بەکرێ گرتبوو. ماوەیەک پێشتر بە شەو دووکانەکەیان بر بیبوون. ڕەفیقەکەی شکایەتی لە "امین" کردبووو ئەویش لەلایەن ئیدارەی ئاگاهیی مەریوانەوە گیرا. بەدوای ئەزیەتو ئازاری زۆر بەتاوانی دزی تەحویلی دادگا درا. ناوبراو دوای ڕزگاربوونی لەدەست "دادگا"، نامەیەک دەنووسێو لە ماڵی بەجێی دیلێو لە نیزیک گوندی خۆیان خۆ دەکوژێ. لە نامەکەیدا بێعەدالەتیی "دادگا" و ئەزیەتو ئازاردرانی خۆی لەلایەن ئیدارەی ئاگاهییەوە وەک هۆی خۆکوشتنەکەی ناو دەبا.

○○○

### کوژرانی شۆفێریکی تەراکتۆر لەلایەن هێزە ئینتیزامییەکانەوە

ڕۆژی شەممۆ ۲۶ی خەزەڵوەر مەئموورانی ئیدارەی "ڕاهنمایی و ڕانندگی"ی مەریوان ڕێگە لە تراکتۆری زەحمەتکێشێکی خەڵکی ئاوایی بایەوە بە ناوی عومەر فەتاحی (۳۹ ساڵە) دەگرنو بە بیانووی نەبوونی بەڵگەنامەی بیمەو موعاینەو . . . تراکتۆرەکەی لێدەستێنن. لە حاڵێک دا یەکێک لە مەئموورەکان (کە شۆفێریی نەزانیوە) لە سەر دەستووری "داودی" سەرگوردی ئیدارەی ناوبراو خەریکی لێخورینی تراکتۆرەکە بەرەو پاسگا بوو، مەئموورەکانی دیکە لە بەرانبەر تکاو داوای خاوەنی تراکتۆرەکە بۆ وەرگرتنەوەی، بێ حورمەتیی پێ دەکەنو پاڵی پێوە دەنێن کە ناوبراو دەکەوێتە ژێر تراکتۆرەکەو لە ئاکام دا بە توندی بریندار دەبێ.

بە گوێرەی هەواڵ، هەوڵی ژمارەیەک لە خەڵکی ناوچە بۆ گەیاندنی لاشەی تێک شکاوو شپرزەی عومەری فەتاحی بۆ نەخۆشخانەی مەریوانو پاشان بۆ نەخۆشخانەکانی سنە بێ ئاکام مایەوەو ناوبراو بە هۆی سەختیی برینەکانی گیانی لە دەست دا.

○○○

### ئەزیەتو ئازاری خەڵک لەلایەن هێزە ئینتیزامییەکانەوە

سەعاتی ۱۲ی شەوی ۸۰/۹/۵ هێزەکانی ئینتیزامی چوونە نێو گوندی "بەردەر ەشە"و بۆ وەرگرتنی جنسی قاچاغ دەستیان کرد بە گەر انی ماڵ بە ماڵی خەڵك. ئەو شەوە دەستیان بەسەر ڕادەیەکی زۆر لەو جنسو کەلوپەلانەدا گرت کە ناوی "جنسی قاچاغ"یان لەسەر داناون. تەنانەت تەلەویزیۆنی چەند ماڵیشیان بەناوی جنسی قاچاغ داگیر کرد. فەرماندەی هێزەکانی ئینتیزامیلەو جەریانەدا دوو کەس بە ناوەکانی "سرهنگ شیرازی"و "سروان بەراری زادە" بوون.

## سنە

### خۆکوشتنی شۆفیریکی تاکسی

ماوەیەک لەمەوبەر شوفێری تاکسییەکی نێو شاری سنە کە لە لایەن مەئموورانی ئیدارەی "ڕاهنمایی و ڕانندگی"یەوە تەنگی پێهەڵ چنرابوو، لە نێو بازار، ئاگری لە خۆی بەرداو لە ئاکام دا گیانی لە دەست دا.

## سەقز

### خۆکوشتنی کەسێک

ڕۆژی دووشەممۆ ۲۸ی خەزەڵوەر کەسێك بە ناوی تەها حوسێنی کوڕی محەممەد ساڵح خەڵکی سەقز دانیشتووی کۆڵانی نەشیلان، لە قەراخ پردی "کانی نیاز" خۆی هەڵواسیو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە ناوبراو بۆ خۆی کوشتوە.

## مەهاباد

### دەرگیریی نێوان لاوانو هێزە ئینتیزامییەکان

ڕۆژی شەممۆ ۳ی سەرماوەز ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی مەهابادی لەگەڵ هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم دەرگیر بوون.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە "کوردستان" ئەم تێکهەڵچوونە لە حاڵێك دا ڕووی دا کە هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم دوو کاسبکاری خەڵکی شاری مەهاباد کە باری شەکریان پێ بووە دەگرنو نەک گوێ بۆ داوای خەڵك بۆ ئازادیی ئەو دوو کاسبکارە شل ناکەن بەڵکوو بێ حورمەتیشیان پێ دەکەن.

لە و کاتەدا ژمارەیەك لە لاوانی ئازای مەهابادی هێرش دەکەنە سەر مەئموورانی ڕێژیم، مەئموورانی ڕێژیم ناچار داوای هێزی یارمەتیدەر دەکەنو پاش ماوەیەك هێزی یارمەتیدەر بەهاوکاریی مەئموورانی ئیدارەی ئیتلاعات دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە. لەو تێکهەڵچوونەدا کە لە سەعاتی ۱۰ی سەرلەبەیانی تا ۱۲ی نیوەڕۆی خایاند لاوانی ئازا بە دووپات کردنەوەی دروشمی دژی ڕێژیم هێرشیان دەکردە سەر بەکرێگیراوانی هێزی ئینتیزامی.

پێویستە بگوترێ لە ئاکامی ئەم تێکهەڵچوونەدا ژمارەیەك لە لاوان گیرانو ژمارەیەك لە هێزەکانی ڕێژیمیش بریندار بوون.

## بانگەواز

خەڵکی ئازادیخواز!

لە ساڵرۆژی ۱۰ی دیسامبر ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤو لە سەردەمێك دا کە نرکەی خەبات دژی تێرۆریزم لە هەموو جییەکی جیهان دەنگ دەداتەوە، بۆ دەربرینی نارەزایەتی دژی تێرۆریزمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە نیوخۆو دەرەوەی وڵات، وەرن لیك کۆببینەوە. تێرۆریزمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی قەتلە زنجیرەیییەکانو کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان لە نیوخۆی وڵاتو دەیان تێرۆری سیاسیی لە دەرەوەی وڵات ئەنجام داو وەڵامی هەرچەشنە نارەزایەتی دەربڕینێکی حەقخوازانە، دیمۆکراتیك، دادپەروەرانەو جیابیرانەی بە زیندانو گوللەو پەتی سێدارە دایەوە.

لە پێناوی ئازادیی بێ ئەم لاو ئەو لای زیندانییە سیاسییەکان داو بۆ دیفاع لە ئازادییە سیاسییەکانو بە مەبەستی بێزاری دەربڕین لە ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی، با لە خۆپیشاندانی ڕۆژی ۸ی دیسامبری ۲۰۰۱ لە شاری کۆڵنی ئەڵمان دا، بەشدار بین.

**کات: ۸ی دیسامبری ۲۰۰۱ سەعات ۱ی دوانیوەڕۆ**

**شوین: کۆڵن (ئەڵمان) تەنیشت ویستگەی ناوەندیی قەتار -Dom Bahnhof**

**کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دیمۆکراسی ـ واحیدی ئەڵمان**

پێکهاتوو لە:

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران

ڕێکخراوی یەکیەتیی فیداییەکانی گەلی ئیران

ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێری ئیران (راه کارگر)

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## فینلاند

**کۆمەڵێک دیدارو چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی حیزب لەگەڵ کاربەدەستان، پارلمانتێران‌و بەرپرسانی حیزبەکانی فینلاند**

ڕۆژانی ١٧ تا ٢٢ی نوامبری ٢٠٠١ هاوڕێی بەڕێز کاک حوسێن مەدەنی سەردانی وڵاتی فینلاندی کرد. بەو بۆنەیەوە لەلایەن کومیتەی حیزب لەو وڵاتەدا، چاوپێکەوتنێک بەشێوەی خوارەوە لەگەڵ کاربەدەستانی فینلاند بۆ بەڕێزیان ڕێک خرا.

**چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری وەزیری دەرەوەی فینلاند**

کاتژمێر ١١ی بەیانیی ڕۆژی ٢٠/١١/٢٠٠١ چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕاوێژکاری تایبەتیی وەزیری دەرەوەی فینلاند، خاتوو تاریاکانتۆلا کرا. لەو چاوپێکەوتنەدا کۆڕی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بەبەشداریی هاوڕێیان حوسێن مەدەنی ئەندامی دەفتەری سیاسی، مەجید حەقی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە فینلاندو ئەفشین وەیسی هاوکاری پێوەندییەکان‌و بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە فینلاند، لە سەر ڕووداوەکانی دوای ١١ سێپتامبرو شەڕی ئەفغانستان‌و تێرۆریزم، بیروڕاو هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانیان دەربڕی. بەشێک لە باسەکان تەرخان کرا بۆ باس لە پێویستیی نێونەتەوەیی‌کردنی کێشەی کوردو ڕۆڵێک کە ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست لە چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، دەتوانێ هەیبێ.

لە درێژەی باسەکان دا، باسی ڕەوشی ئێستای ئیران‌و کوردستان‌و ڕووداوەکانی دوای کۆکردنەوەی ساتەلایت‌و قەدەغەکارییەکانی نێو ئیران، کرا. هەر دوو لا هیوایان دەربڕی کە پێوەندیی لەو چەشنە بەرفراوانتر بێ.

**سەردانی پارلمانی فینلاند**

کاتژمێر ٥/٢ی ڕۆژی ٢٠/١١/٢٠٠١، هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزب سەردانی پارلمانی فینلاندی کردو دیدارێکی یەک‌و نیو کاتژمێریی لەگەڵ پارلمانتێر خاتوو ئولـلا ئانتیلا ئەندامی فراکسیۆنی سەوزو کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ‌و کاروباری کێشەی کورد هەبوو. لەو دیدارەدا هاوڕێ حوسێن مەدەنی هەڵوێستی حیزبی بەرامبەر بە تێرۆریزم‌و یاساکانی نێودەوڵەتی‌و لەسەر تێرۆریزم بۆ خاتوو ئانتیلا شی کردەوە. کاک حوسێن هەروەها داوای لە خاتوو ئانتیلا کرد کە پشتیوانی لە پێکهێنانی کۆنفرانسێک لەسەر کورد لە پارلمانی فینلاند دابکا. ئولـلا ئانتیلا کە بۆ خۆی لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا چەندجار هاتوچۆی کوردستانی کردوە، خوازیاری ئەوە بوو کە هێزە کوردەکان بەشێوەیەکی یەکگرتوو کێشەی گەلی خۆیان لە بواری داواکردنی مافە کولتووری‌و ئینسانییەکانەوە کە لەگەڵ پەیماننامەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا دەگونجێن، بەرن بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان. بەو شێوەیە کێشەی کورد لە کێشەیەکی ناوچەیی دەبێتە کێشەیەکی جیهانی‌و دەوڵەتانیش ناتوانن بەبیانووی دەست تێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی، پێشی بگرن.

**چاوپێکەوتن لەگەڵ سۆسیال دیمۆکراتەکان**

ڕۆژی چوار شەممە ٢١/١١/٢٠٠١ کاتژمێر ١١ی بەیانی دیدارێکی دۆستانە لەگەڵ بەڕێز تێرۆ شیمییکا، بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی سوسیال دیموکراتەکانی فینلاند لە بارەگای ناوەندیی ئەم حیزبەدا ئەنجام درا. لەو دیدارە دۆستانەیەدا، وێڕای ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەبارەی کێشەی تێرۆریزم‌و خەبات لەگەڵ تێرۆر، لایەنەکان بەشێوەیەکی تێرو تەسەل باسی چۆنیەتیی نێونەتەوەیی‌کردنی کێشەی کوردو ڕۆڵی سوسیال دیموکراتەکانیان لە هاوکاری بۆ چارەسەری کێشەی ڕەوای خەڵکی کوردستان دا کرد. شیمییکا هەروەها بە درێژی لەسەر پێوەندییەکانی سوسیال دیموکراتەکانی فینلاندو جووڵانەوەی کورد، بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران وەک ئەندامی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست‌و حیزبی دۆست قسەی کردو ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمڕۆ ئیدی کێشەی کورد بۆتە جێگای سەرنجی سیاسەتوانانی سوسیال دیموکراتی فینلاندو تەنانەت ئەندامانی ئەو حیزبە. ناوبراو هیواداری دەربڕی کە دیدارو چاوپێکەوتنی هەیئەتی پایەبەرزی حیزبی لە فینلاند زیاتر بێ‌و وتی: "دەرگای ئێمە بۆ دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ئاواڵەیەو ئێمە هەمیشە بە دڵفراوانییەوە پێشوازییان لی دەکەین."

**کونفرانسیکی چاپەمەنی**

لە کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢١/١١/٢٠٠١ کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی بۆ هاوڕێ حوسێن مەدەنی ڕێک خرا کە لەودا ڕۆژنامەکانی "هێز"و وێنەگری ناوەندی چاپەمەنیی "A-Lehdet"ـ کە چەندین گۆڤاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی دەردەکا ـ بەشدار بوون. پێویستە بگوترێ کە ئەم کونفرانسە لەلایەن "کومیتەی پشتگیری لە ئاشتی ـ فینلاند" پێک هاتبوو.

**چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنی چەپەکان**

کاتژمێر ٤/٥ی ڕۆژی ٢١/١١/٢٠٠١ هاوڕێ مەجید حەقی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە فینلاندو هاوڕێ ئەفشین وەیسی لە سەردانێک دا بۆ پارلمانی فینلاند، چاوپێکەوتنێکی یەک کاتژمێرییان لەگەڵ خاتوو ئۆوتی ئۆیالا، سەرۆکی فراکسیۆنی چەپی پارلمان‌و ئەندامی سەرۆکایەتیی یەکیەتیی چەپەکان پێک هێنا. لەو چاوپێکەوتنەدا لەسەر ڕووداوەکانی ئەفغانستان‌و کێشەی کوردو سەرکەوتنی حیزبی دەستی ڕاست لە دانیمارک‌و مەسەلەی ڕاسیزم باس‌و گفتوگۆ کرا. لەو چاوپێکەوتنەدا خاتوو ئۆیالا پشتیوانیی خۆی لە پێکهاتنی کۆنفرانسێک لەسەر کورد لە پارلمانی فینلانددا ڕاگەیاندو بەڵێنیدا مەسەلەکە لەگەڵ فراکسیۆنی چەپ‌و وەزیری دەرەوە بخاتە بەرباس.

**بەڕێوەچوونی دوو سمینار لە فینلاند**

کومیتەی حیزب لە فینلەند ڕۆژەکانی شەممە ١٨ی نوامبرو چوارشەممە ٢١ی نوامبری ٢٠٠١ دوو سیناری ٣ سەعاتە لە ژێر ناوی "ستراتیژی ئەمریکا لە جنووب‌و ڕۆژئاوای ئاسیا"و "مەسەلەی کورد" بۆ هاوڕێی بەڕێز کاک حوسێن مەدەنی، ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و بەرپرسی کومیسیونی فێرکردن‌و لێکۆڵینەوەی حیزب پێک هێنا. لە هەریەک لەو سمینارانەدا کە نزیکەی سەد کەس لە ئەندامان‌و لایەنگران‌و دۆستانی حیزب بەشدار بوون، هاوڕێ حوسێن مەدەنی لە سەر کێشەو ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و پێوەندییان بەیەکەوەو شوێندانانیان لە سەر یەکترو هەروەها لە سەر کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد، قسەی بۆ بەشداران کرد. لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا کاک حوسێن باسی کێشەی ئەفغانستان‌و هەڵوێستی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لەو بارەیەوەی کردو هیواداریی دەربڕی بەربەرەکانیی جیهانی لەگەڵ تێرۆریزم لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕ لە ئەفغانستان نەبڕێتەوەو هەوڵی جیهانی بە مەبەستی خاشەبڕکردنی تێرۆریزم لە تەواوەتیی خۆی دا، درێژەی هەبێ. لە دوابەشی هەردوو سیمینارەکەدا، هاوڕێ حوسێن مەدەنی وەڵامی پرسیاری بەشدارانی دایەوە.

←

### پێکهاتنی کونفرانسی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکرات ـ فینلاند

ڕۆژی ۱۷ی نوامبری ۲۰۰۱ کونفرانسی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران ـ فینلاند بە بەشداریی دەیان کەس لە لاوانی دیمۆکرات لەو وڵاتە، بەڕیوە چوو. لە سەرەتای کۆنفرانسەکەدا کاک ئەییوب سووری بەرپرسی کومیتەی حیزب لە فینلاند، کونفرانسەکەی کردەوەو بەشداران‌و میوانەکانی بەخێرهاتن کرد. پاشان هاوڕییان کاک حوسین مەدەنی ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و کاک سەعید بەگزادە ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندیی حیزب کە لە سوئیدەوە بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگهێشتن کرابوون، لە سەر ئەرکی لاوان‌و کارو تیکۆشانی یەکیەتیی لاوان‌و بایەخدانی حیزبی دیمۆکرات بە توێژی لاوان قسەیان بۆ بەشداران کرد. پاشان هاوڕێ ئەفشین وەیسی بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکرات لە وڵاتی فینلاند، ڕاپۆرتیکی لە سەر کاروتیکۆشانی یەکیەتیی لاوان لەو وڵاتە پیشکەش کرد. دوای بەشدارییەکی چالاکانەی نوینەرانی کونفرانس لە هەلسەنگاندنی ڕاپۆرتەکەداو هینانەگۆری بیروڕاو پرسیار لە بوارە جۆراوجۆرەکان داو وەڵامدانەوە بە پرسیارەکان لە لایەن هاوڕییانی بەرپرسەوە، ئەندامانی کومیتەی بەڕیوەبەریی تازەی یەکیەتیی لاوان لە فینلاندو نوینەرانی ئەو کونفرانسە بۆ کۆنفرانسی ئورووپای یەکیەتیی لاوانی دیمۆکرات هەڵ بژیردران.

## نورویژ

### سەردانی هەیئەتیکی هاوبەش لە "شوورای نورویژی بۆ بەرگری لە مافی گەلی کورد"

ڕۆژی چوارشەممە ریکەوتی ۲۰۰۱/۱۱/۱۲ هەیئەتیکی هاوبەش پیکهاتوو لە هاوڕێ ئەحمەد جەهانگیری ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی پیوەندییەکانی کومیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە نورویژ، خاتوو پەری ئیسلامنیا بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکرات ـ نورویژ، عارف ئەحمەدی بەرپرسی کۆمەلەی کولتوری کوردی سەردانی دەفتەری شوورای نورویژی بۆ بەرگری لە مافی گەلی کوردیان کردو لە لایەن خانمی هیلینە ئیکیرسبیرک بەرپرسی شووراوە پیشوازییان لی کرا.

شوورای بەرگری لە مافی گەلی کورد ناوەندیکی ڕەسمییە کە هەر لە سەرەتای پیکهاتنییەوە کومیتەی حیزب لە نۆرویژ پیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ دا هەبووەو بە هەموو شیوەیەک هاوکاریی کردوە. ئەو ناوەندە پشتیوانی لە مافە کولتوری‌و دیمۆکراتیکەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا دەکا. لەو دیدارو کۆبوونەوەیەدا کە ۲ سەعاتی خایاند لە سەر ڕووداوەکانی کوردستانی ئیران، پیلانەکانی ڕیژیم لە کوردستان‌و دەست کیشانەوەی نوینەرە کوردەکان لە مەجلیس باس‌و وتوویژ کراو هەلویست‌و سیاسەتەکانی حیزب لەو پیوەندییەدا شی کرانەوە.

## هولەند

### کۆبوونەوەیەك بۆباس لەبارەی ئیران‌و کوردستان

ڕۆژی ۱۷ی نوامبری ۲۰۰۱ی زایینی سمیناریك بە بەشداریی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران‌و نوینەرانی زۆربەی ریکخراوە کوردستانییەکان لە هولەند بۆ هاوڕێ بەڕێز مستەفا هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە شاری لاهە پیك هات. لەو سمینارەدا سەرەتا هاوڕێ سالح زەرزا بەرپرسی کومیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە هولەند پاش ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ریزگرتن لە شەهیدان، بەخیرهاتنی میوانەکانی کرد. دواتر هاوڕێ مستەفا هیجری لە پیوەندی لەگەڵ باروذۆخی ئیران بە تایبەت لە سەردەمی سەرۆك کۆماریی خاتەمی داو وەزعییەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە ناوچەو ئیران دا قسەی بۆ بەشدار بووان کرد. پاشان بەشدار بووانی سمینار پرسیارەکانی خۆیان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا هینایە گۆڕێ کە لە لایەن هاوڕیی بەڕیز مستەفا هیجرییەوە وەڵام درانەوە.

## سویس

### پیکهاتنی کونفرانسی یەکیەتیی لاوان

ڕۆژی ۲۰۰۱/۱۱/۲۴ کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە شاری "بیل"ی وڵاتی سویس بەسەرپەرستیی هاوڕێ سەعید بەگزادە ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران‌و بەبەشداریی زۆربەی لاوانی دیموکراتی نیشتەجێ لەو وڵاتە، بەڕیوە چوو. پاش دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ریزنان لە یادی شەهیدان‌و بەخیرهاتنی لاوان‌و بنەماڵەکانیان، سەرەتا هاوڕێ سەعید باسیکی کورتی لەسەر وەزعی تازەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست، هەلومەرجی کوردستان‌و سیاسەت‌و ڕوانگەکانیحیزبی دیموکرات لەم پیوەندییەدا پیشکەش کرد. ئینجا ئاماژەیەکی بە میژووی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان‌و قۆناخە جۆربەجۆرەکانی خەبات‌و تیکۆشانی ئەو یەکیەتییە کرد. دواتر لەسەر ئەرکی لاوان‌و ڕۆلی گرینگی ئەوان وەك سەرمایە بەنرخەکانی داوارۆژی نەتەوەکەمان‌و هەروەها پیشتگیریی حیزبی دیموکرات لە تیکۆشانی لاوان‌و یەکیەتیی لاوانی دیموکرات بە دریژی دوا. شایانی باسە کە لاوەکان‌و بەشیك لە بنەماڵەکانیان بە هینانەگۆر ی پرسیارو پیشنیاری بەکەلك، بەشدارییەکی گەرمیان لە باسەکەدا کرد.

لە دوابەشی کاری کونفرانس دا هەلبژاردن بەر یوە چوو. لەم بەشەدا ویر ای ئەندامانی کومیتەی بەر یوەبەریی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە وڵاتی سویس، چەند کەسیکیش وەك نوینەری ئەو یەکیەتییە،بۆ بەشداری لە کونفرانسی گشتیی یەکیەتیی لاوان لە ئورووپادا هەڵبژیردران.

### کۆڕیك بۆ باس لەسەر هەلومەرجی ئیستای جیهان و ئیران

کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە وڵاتی سویس، کانتۆمیر چوارونیوی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ۲۰۰۱/۱۱/۱۷ کۆبوونەوەیەکی بۆ هەلسەنگاندنی هەلومەرجی ←

## سوئید

### تیرۆری هونەرمەندو کەسایەتییەکی ئەهلی حەق

ڕۆژی یەك شەممە ۲۰۰۱/۱۱/۱۸ خەلیل عالی نەژاد کە لە نیو هاونیشتمانانی ئەهلی حەق دا بە "پیر خەلیل پیر نەژاد" ناسرابوو، لە شاری یوتەبۆریی سوئید تیرۆر کرا.

خەلیل عالی نیژاد هونەرمەندو کەسایەتییەکی ئەهلی حەق بوو. ناوبراو خویندنی لە بواری موسیقا دا لە ئیران تەواو کردبوو. ئەو کاتەی لە ئیران دا دەژیا، لە لایەن کاربەدەستان‌و بەکریگیراوانی ڕیژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامییەوە زۆر لە ژیر فشاردابوو تا واز لە ئایینی ئەهلی هەق بینێ‌و بچیتە سەر مەزهەبی شیعەو لەو پیوەندییەدا چەند جار هەرەشەی لی کرابوو. بە گویرەی لیکۆلینەوەو ڕاپۆرتی پولیسی یوتەبۆری، ناوبراو لە لوکالی "فرۆلۆندا تۆرپەت" لە پشتەوەرا هیرشی کراوەتە سەرو بەشتیکی قورس لە سەریان داوەو خستوویانەو پاش ئەوەی چەند چەقۆی لی دراوە، بە هۆی "مادە آتش زا"وە ئاگری تی بەرداوەو سووتینراوە.

دەستەی نووسەران‌و کارگیرانی "کوردستان" ویرای کومیتەی حیزب لە سوئید، ئەم کردەوە جینایەتکارانیە بە توندی مەحکووم دەکەن‌و لەگەڵ بنەماڵەو کەس‌و کاری قوربانیی تازەی تیرۆرو هەموو خوشك‌و برایانی ئەهلی هەق، هاودەردی دەکەن‌و سەرەخۆشیی گەرمی خۆیانیان پێ ڕادەگەیەنن.

ئیستای جیهان، وەزعی ئیران و کوردستانی ئیران و هەروەها سیاسەت و ڕوانگەکانی حیزبی دیموکرات لەسەر چارەسەر کردنی کیشەی نەتەوایەتیی کورد لە چوارچیوەی ئیرانیکی دیموکراتیک دا لە شاری زوریخ لە شوینیك بە ناوی (مالی گەل) بۆ بەشیك لە کوردەکانی ئەو شارە پیك هینا.

پاش ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕیز گرتن لە شەهیدانی ڕیگای ئازادیی کوردستان و بەخیرهاتنی بەشداران، سەرەتا یەکیك لە هاوڕییان لەسەر ڕووداوی تیرۆریستیی ۱۱ی سیپتامبرو شوینەوارەکانی ئەو کارەساتە لەسەر سیاسەتی وڵاتانی دنیاو دژکردەوەی ڕیاکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئیران و کاریگەریی ئەو کردەوە دژی ئینسانییە لە پیوەندی لەگەڵ باری ئابووریی جیهان و نەزەرو بۆچوونەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لەسەر ئەو کارەساتە، قسەی کرد.

ئینجا هەلومەرجی ئیستای ئیران و کوردستانی ئیران هەروەها سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دیموکرات لەمەڕ چارەسەرکردنی کیشەی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئیران لە لایەن هاوڕێ عادڵ ئەلیاسی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتەدا شی کرایەوە. بە دوای ئەودا کورتەیەك لە میژووی دامەزران و خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و هەروەها پیوەندییەکانی حیزب لەگەڵ هیز و ڕیکخراوە کوردستانییەکان لە لایەن یەکیك لە هاوڕییانەوە باس کرا.

پاش وچان و حەسانەوەیەکی کورت، پرسیاری بەشداران لەسەر بابەتەکان لە لایەن هاوڕییانەوە وەڵام درانەوە.

شایانی باسە کە نوینەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و پارتی یەکیەتیی کورد لە سووریە، بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

## ئالمان

**کۆنفرانسیك لە لە ژیر ناوی:**

**"۱۱ی سیپتامبر، نەزمی نویی جیهانیو چارەنووسی ئیران"**

لە ڕۆژەکانی ۲۵ـ ۲۴ی نوامبری ۲۰۰۱ی زایینیدا، "ئەنجومەنی لیکۆڵەرانی ئیران" کۆنفرانسیکیان لە ژیر ناوی" ۱۱ی سیپتامبر، نەزمی نویی جیهانیو چارەنووسی ئیران"دا بەڕیوە برد.

لەو کۆنفرانسەدا کە بە بەشداریی زیاتر لە ۲۵۰ کەسایەتیو هەروەها ۲۲ کەس لە نوینەرانی حیزبو ڕیکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی لە "یانەی فەرهەنگەکانی جیهان" لە بیرلین دا بەڕیوەچوو ڕوانگەو بۆچوونی کەسایەتییەکانو حیزبو ڕیکخراوە ئیرانییەکان لە پیوەندی لە گەڵ ڕووداوەکانی ۱۱ی سیپتامبرو ئاکامەکانیداو هەروەها سیاسەتو هەڵویستەکانی کۆماری ئیسلامیو چارەنووسی ئیران، خرایە بەرباسو لیدوان.

هاوڕێ "عبدالرضا کریمی" کە لە لایەن حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیرانەوە لەم کۆنفرانسەدا بەشدار بوو، لە پیوەندی لە گەڵ هەلومەرجی ئیستای جیهان داو بە تایبەتی لە دوای ڕووداوی ۱۱ی سیپتامبرو هەڵویستی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکان قسەی کرد.

هاوڕێ "عبدالرضا کریمی" لە قسەکانی خۆیدا ئاماژەی بە باروددۆخی ئیران، سیاسەتو هەڵویستەکانی کۆماری ئیسلامی لە پیوەندی لە گەل مەسەلەکانی ئیستای جیهان دا کرد. ☯

## تیکهەلچوونی کریکاران لە گەڵ پۆلیس لەئیسفەهان

ڕۆژی ۷ ی سەرماوەز لە ئاکامی تیکهەلچوونی پولیس لە گەڵ سەدان کریکاری چنینی بالنج (نساجی بالش)ی ئیسفەهان ژمارەیەك لە کریکاران بریندار بوون.

ئەو خۆپیشاندانەکە بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە دواکەوتنی حەقدەستی مانگانەی کریکاران لە شەش مانگی ڕابردوودا بەڕیوە چوو، لە ئاکامی دەخالەتی هیزە ئینتیزامییەکان دا تیکهەلچوون لە نیوان خۆپیشاندەرانو ئەو هیزانەی لی کەوتەوە. هیزە ئینتیزامییەکان ویرای کەلك وەرگرتن لە گازی فرمیسکهینەر، خۆپیشاندەرانو بنەمالەکانیان دایە بەر ئازارو ئەزیەتو سووکایەتییان پێ کردن.

دوای خۆپیشاندانی دە هەزار کەسیی کریکارانی چنین (نساجی)ی ئیسفەهان لە ڕیکەوتی ۱۸ی خەزەلوەری ڕابردوودا، ئەمە دووهەمین خۆپیشاندانی کریکارانی چنین لەو شارە لە ماوەی ۲۰ ڕۆژی ڕابردوودایە کە لە گەڵ توندوتیژی ڕووبەڕوو دەبیتەوە.

خۆپیشاندانی ئەمجار، دوای پەسندکرانی گەڵاڵەی کەمکردنەوەی هیزی کاری سەنایعی چنین لە لایەن مەجلیسی شووڕای ئیسلامییەوە دەستی پێ کرد. عەلیرەزا مەحجووب نوینەری مەجلسو بەرپرسی "خانە کارگر"ی کۆماری ئیسلامی گۆتوویەتی: ئەگەر ئەم گەڵاڵەیە بە هۆی شووڕای نیگەهبانەوە پەسند بکرێ نیزیکەی سەد هەزار کریکاری چنینی وڵات بیکار دەبن.

## مەحکووم کرانی ئیران لە سەر پیشیل کرانی مافی مرۆڤ بۆ جاری بیستەم!

شەوی ۳۰ی نوامبری ۲۰۰۱ ڕیکەوتی ۹ی سەرماوەزی ئەمساڵ کومیسیونی مافی مرۆڤی ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بیستەمین جار کۆماری ئیسلامیی ئیرانی بە هۆی پیشیل کردنی مافی مرۆڤو بە تایبەتی سەبارەت بە بەڕیوەبردنی حوکمی ئیعدام تەنانەت لە سەر کەسانی کەمتر لە ۱۸ سال (چ لە پیوەندی لە گەڵ تاوانە گشتییەکان داو چ لە پیوەندی لە گەڵ تاوانە سیاسییەکان دا) مەحکووم کرد. ئەو بریارنامەیە بەدوای بریارنامەیەك دا پەسند کرا کە کۆمیسیونی مافی مرۆڤی ڕیکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە مانگی ئاوریلی ڕابردوودا دژی کۆماری ئیسلامی دەری کرد بوو.

پەسند کرانی ئەم بریارنامەیە تەنیا دوو حەوتوو دوای قسەکانی خاتەمی لە ڕیکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو بانگهیشتنی نەتەوەکان بۆ وتوویژی شارستانەتییەکان، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. واتە دنیا ناتوانێ لە لایەك گویی لە قسەی بێ نیوەرۆكو سادە خەلەتینانە بێو لە لایەکی دیکەوە شایەتی بەڕیوەچوونی توندوتیژی، شەللاق، ئیعدام، فەرقو جیاوازی دانانی مەزهەبیو میللی بێ کە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرن.

خوینەرانی بەڕیزی "کوردستان" ئاگادار دەکەینەوە، بە سەرنجدان بەوە کە ئەم هەواڵە لە دواکاتەکانی ئامادەکردنو مۆنتاژی ڕۆژنامەدا بلاو بۆوە، لە ژمارەی داهاتوودا بە دریژی لە سەر ئەم بابەتە دەدووین. ☯

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of
Democratic Party of Iranian Kurdistan

No:330 3 Dec 2001


**بۆ ئاگاداریی خوێنەران:**

**خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان" ئاگادار دەکەینــەوە کــە لــە ژمــارەی داهاتوو (٣٣١)را، لەباری فۆرمەوە "کوردستان" گەورە دەکەینــەوەو لەمــەو دوا ئەم ڕۆژنامەیە لە قەتعی A3 دا بڵاو دەبێتەوە. دیــارە قــەتعی ژمــارەی تایبەتیی دەرەوەی وڵات دەستی لێ نادرێ‌و هەر وەك ئێستا دەمێنێتەوە.**

## ٢٥ی نوامبر ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان

لە ساڵی ١٩٩٣وە، کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتــەوە یــەکگرتووەکان، ڕۆژی ٢٥ی نوامبری وەك ڕۆژی جیهانیی خەبات لەگەڵ توندوتیژی بەرامبــەر بــە ژنــان دیاری کردوە. بەم بۆنەیەوە هەموو ســاڵێ لــەو ڕۆژەدا، لــە سەرانســەری جیــهان چالاکی و ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر لە لایەن بزووتنەوەکانی ژنان و ئەو کۆڕو کۆمەڵ و ناوەندو بنیاتانەوە بەڕێوە دەچن کە دژی توندو تیژی و هەموو چەشنە ڕەفتارێکی غەیرە ئینسانی لەگەڵ ژنانن.

توندو تیژی بەرامبەر بە ژنان مێژوویەکی دووردرێــژی هەیــەو دیاردەیــەکی جیهانییە. لە سەرانسەری جیهان دا، تەنانەت لەو وڵات و کۆمەڵگایانەش دا کــە ژنان بە پێی یاساو بە کردەوە توانیویانە بە زۆر لە ماف و ئازادییەکانیان بگــەن، ئەو دیاردەیە بەرچاو دەکەوێ. ڕەفتاری زۆردارانەی پیاوان لەگــەڵ ژنــان و لێــدان لەوان لە بنەماڵەداو، ئازاردانی جیسمی و جینسی و ڕەوانیی ئــەوان لــە شــوێنی کارو لە نێو کۆمەڵ دا، نموونەیەکی بەرچاو لە ڕەفتاری توندو تیــژ بەرامبــەر بــە ژنانن.

بەڵام بێگومان توندوتیژترین ڕەفتارەکان و دڵتەزێنترین جینایەتەکان لە دژی ژنان لەو کۆمەڵگاو وڵاتانەدا بەڕێوە دەچن کە مافە ئینسانییەکان بە گشتی و بە تایبەتی ماف و ئازادییــەکانی ژنــان بــە هــۆی ڕیشــەدار بوونــی داب و نــەریتی دواکەوتووانە و بە بیانووی ناتەبا بوونی فەرهەنگ و ئایینی ئەوان لەگەڵ ئازادیی ژن و مافەکانی، لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە هیچ بایەخێکیان پێ‌نادرێ. هــەر لــەو کاتەش دا بــە شــێوەی جۆراوجــۆر لەســەر ڕێگــای پێکــهاتن و تێکۆشــانی ئــەو ڕێکخراو و بنیاتە سەربەخۆیانەی بۆ پارێزگاری لە حورمــەتی ئینســانیی ژنــان و دابینکردنی مافەکانیان پێك دێن، کەندو کۆسپ و بەربەست دروست دەکرێن.

ئێران نموونەیەکی هەرە بەرچاوی ئەو جۆرە وڵاتانەیە. ئەگــەر لــە لایەکــەوە، زۆر کــەس و دەســتەو تــاقمی جینایــەتکار بــە فتــواو بــە ڕێنوێنــی و هــاندانی دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرست، بە هاسانی ئیجازە بە خۆیان دەدەن بە ناوی "امر به معــروف و نــهی از منکــر" هەرچەشــنە توندوتیژییــەك لەگــەڵ ژنــان بنوێنــن و تەنانەت بیانکوژن و تەرمەکانیان لێرەو لەوێ فڕێ بدەن، لە لایەکی دیکەشــەوە، یاسای پڕاوپڕ لە فەرق و جیاوازیی کۆمــاری ئیســلامی وای کــردوە ســووکایەتی کردن بەژنان و بێ‌بەش مانەوەیان لــە زۆر مــافی ڕەواو ئینســانییان، شــێوەیەکی قانوونی بە خۆیەوە بگرێ. یەکێك لە هۆیەکانی پەنابردنی پــەیتا پــەیتای ژنــانی ئێران و کوردســتان بــۆ خۆکوشــتن و خۆســووتاندن، هەســت کــردن بــەو هــەموو نابەرامبەری و فەرقوجیاوازی و سووکایەتییەیە کە لە ئێرانی ئەمڕۆدا بەرامبــەر بە ژنان هەیە.

لە ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی توندو تیژی بەرامبــەر بــە ژنــان دا، دەنگــی خۆمان تێکەڵی دەنگی ژنانی کوردستان و ئێران و سەرانسەری جیهان دەکــەین و وێڕای پشتیوانی لــە هــەموو هــەوڵێك بــۆ نەهێشــتنی توندو تیــژی دژی ژنــان هاوبەشی و هاودەنگیی خۆمان لەگەڵ هەرچەشنە خەبات و تێکۆشانێك بۆ دابــین بوونی هەموو ماف و ئازادییە ئینسانییەکانیان، دووپات دەکەینەوە.

## چاوپێکەوتنێکی دۆستانە



لە سەر بانگهێشتنی ڕەسمیی ســازمانی کوردســتانی حیزبی کومونیســتی ئــێران (کۆمەڵە)ڕۆژی پێنج شەممۆ ڕێکــەوتی٨ی ســەرماوەزی ١٣٨٠ی هــەتاوی هەیئــەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بــە ســەرۆکایەتیی بــەڕێز مامۆســتا عــەبدوڵڵا حەســەن زادە ســکرتێری گشــتیی حــیزبی دێمۆکــراتو بــەڕێزان عــەلی مێهرپەروەرو مستەفا مەولوودی ئەندامانی دەفتەری سیاســیو هاوڕێیــان ئیســماعیل بازیارو تەیمور مستەفایی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیو هاوڕێیــان کــەریم مێــهدەویو خەدیجە مەعزوور ئەندامانی جێگری کومیتەی ناوەندی سەردانی کۆمەڵەیان کرد.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە هەیئەتی حیزبی دێمۆکرات زۆر بەگەرمی لە لایەن هەیئــەتێکی بایەبەرزی سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران (کۆمەڵە)، بە سەرۆکایەتیی کاك ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵــەو بــەڕێزان محەممەدئــەمین حیســامی، ڕەشید شکور ڕەزاقــیو فــەرهاد شــەعبانی ئــەندامانی کومیتــەی نــاوەندیو بــەرێزان کــەریم ئەحمەدی ئــەندامی جێگــری کومیتــەی نــاوەندیو ســروە ناســری ئــەندامی مشــاویری کومیتەی ناوەندی پێشوازییان لیّ کرا.

پاش حەسانەوەیەکی کورت لە کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی دا باسێکی تێرو تەســەل لە سەر وەزعــی سیاســیی ئــەمڕۆی دنیــاو ناوچــەو ئــێرانو کوردســتانی ئــێران کــراو نێبینیو نەزەرەکانی هەر دووك لا کۆمەکیان بە ڕوونبوونــەوەی زیــاتری مەســەلەکانو :ەوڵەمەندتر کردنی باسەکان کرد. هەردووك لا پێیان وابوو ڕەوتی ڕووداوەکانی دنیــا و دەوروبەرن ئەوە دەخــوازێ کــە بــە وردبینیــی زیــاترەوە بڕوانینــە داهــاتووی سیاســیی ناوچەکەو ئێرانو بــۆ ڕووبــەروو بوونــەوە لەگــەڵ هــەر هەلومــەرجێك کــە بێتــە پێــش ئامادەیی زیاتر هەبێ.

لــە درێژەی کۆبوونەوەکــەدا، باســی پێوەندییــەکانی نێــوان حیزبی دێمۆکراتــی کوردستانی ئێرانو سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیســتی ئــێران (کۆمەڵــە) کــراو هــەردووك لا لــە باســێکی دۆســتانەداو بــە ڕاشکاوی باســی لایــــەنی جۆراوجــۆری پێوەندییەکانیان کردو بە باشیان زانی میکــانیزمێکی باشــتر بــۆ پێوەندیــی بــەردەوام بدۆزرێتەوەو ئەو جۆرە سەردانانە بەردەوام بن.

پێویستە بگوترێ هەیئەتی حیزبی دێمۆکراتــی کوردســتانی ئــێران بــەیانیی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٩ی سەرماوەزی ١٣٨٠ی هەتاوی لە بەدرەقەیەکی گەرمی دۆســتانی کۆمەڵەدا بەرەو بنکەکانی حیزب گەڕانەوە.


**سایتی "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی نــاوەندیی حــیزبی دیموکراتــی کوردستانی ئێران‌و چاپەمەنیی دیکەی حیزب لەسەر ئینتێرنێت:**

www.kurdistanmedia.com
e- mail: kurdistanmedia@yahoo.com


**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێ‌بکۆشین**